شانۆنامە

# تۆبەی فیرعەونی

نووسینی: وریا شەهاب

کەرکوك - ٢٠١٢

ناوی کتێب: تۆبەی فیرعەونی

بابەت: شانۆنامە

نووسەر: وریا شەهاب

تایپ: ئومێد بەگی ئاوڕەحمان بەگ

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە ( ١٧٢)

چاپخانە: کارۆ

چاپی یەکەم– ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠)دانە

پێشکەشە:

بە خۆشەویستەکەم.. خێزانەکەم نیشتیمان.

بە هەردوو کوڕەکەم.. عەبدوڵڵا _ میران.

بە کچەکەم.. مەریەم.

پێشەکی..

شانازییە بۆ ئێمەی نووسەران لە ڕێی پێنووسەکانمانەوە بتوانین خزمەتی ڕاستەقینە بە هەموو مرۆڤەکان بگەیەنین.. لە تاریکستانی رۆژگار قوتاریان بکەین و بەرەو تروسکەی رونـاکی و روناکـایی و گەشـاوەیی شـەو و رۆژگـاری بەختەوەرییان بەرین.

گومانی تێدا نییە ئەمەش کاروانێکی خەباتی پیرۆزی مرۆڤایەتییە لە بەنداوە هەڵقوولای دۆز و باوەڕ و تێگەیشتن و بۆچوونەکانمان بۆ جوانکردنی ژیانی مرۆڤەکان هەڵدەقوولێت.

ئەم شانۆنامەیە.. یاخود ئەم چیرۆکە سینەماییە – تەلەفزیۆنییە.. یاخود ئەم نۆڤلێتە بابەتێکی دی و ڕەنجی نووسین و کۆ وتاری ژانی لەدایکبوونی جگەرگۆشەیەکی تری خۆشەویستمە.. هیوادارم ئەمەش وەك جگەرگۆشەکانی دیم کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕکردبێتەوە.. سوود بە خوێنەر و بینەر و بیسەر بگەیەنێت.

لە بابەتی شانۆیی گومانی تێدانییە (پەردە) بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ دیمەن.. بەڵام لە کاری تەلەفزیۆنیدا (بڕگە – گرتە) بەکار دێت.. چونکی بابەتەکە هەردوو لایەنەکە هەڵدەگرێت.. بۆ پۆلینی نێوان دیمەنەکان (بڕگەمان) بەکارهێناوە.

وریا شەهاب

٢٠١١/٤/٢٥

**کەسەکانی ناو شانۆنامە**

**خانەوادەی سالار:**

سالار عزالدین/ فەرمانبەر بوو، ئێستاش خەریکی کاری سەربەخۆیە.

هیوا/ دەرچووی پەیمانگایە و کوڕی سالارە.

پیرۆز/ خێزانی سالارە.

**هاوڕێکانی سالار:**

دارا/ فەرمانبەرە لە دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی.

سۆران/ فەرمانبەرە لە دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی.

**هاوڕێکانی هیوا:**

بەختیار/ نەوزاد / چالاك/ هەرسێکیان پەیمانگایان تەواوکردووە، هەروەها سەربازیشیان تەواوکردووە چاوەڕوانی دامەزراندنن.

چالاك

**تاخمی قومارچییەکان:**

عەدنان/ ناودارترین قومارچی شارەکە

پارێزەر

شایەدەکان

قومارچییەکانی دی

ئەفسەر. پۆلیسەکان. خەڵقی شار. منداڵێك. خاوەن ئوتێل. ئەوانی تر.



**بەر لە سەرەتایی**

بەر لە سەرەتای ڕووداوەکان ئەم چەند ئایەتە دەخوێندرێتەوە:

(یاأیها الذین أمنوا انما الخمر و المیسرو الانصاب والازلام رجس من عمل الشیطن فاجتنبوە لعلکم تفلحون)

صدق الله العظیم

اية(٩٠) سورة المائدة.

# بڕگەی یەکەم

(ماڵی سالار عزالدین ئێوارە پێش نووستن)

سالار: (لە ژووری میوان دانیشتووە پاشی بانگی شێوان چاوەڕوانی چایەتی)

پیرۆز:(سینیە چایەکەی پێیە چایەك بۆ مێردەکەی دادەنات)

- فەرموو باوکی هیوا ئەوە چایەکەیە...خۆزگە ئەوەندە چات نەدەخواردەوە.

سالار: (جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و چاکەی ئەخواتەوە و ئاخێك هەڵدەکێشێ):

- ئافرەت وابزانم هیوا کاتی گەڕانەوەیەتی.. نازانم چی پێ بڵێم.. یەك پولێك لە گیرفانمدا نەماوە.. نازانم، نازانم، چۆن ئەو بەڵێنانەی پێمداوە جێبەجێی بکەم.

پیرۆز:

- چۆن؟ وا ئەبێت چۆن؟ تۆ هەمووی هەفتەیەکە بازاڕگاکەت فرۆشتووە..؟ چۆن پولێك لە گیرفانت نییە؟!



سالار: (هەڵدەستێتە پێوە چاویلکەکەی لادەبات دەڕوانێتە سۆمای چاوەکانی پیرۆز.. هەناسەیەکی خەماوی هەڵدەمژێ):

- دۆڕاندم.. هەمووم دۆڕاند..

پیرۆز:

- دیسانەوە دیسانەوە دەستت دایەوە قومار.. ئەی تۆ بەڵێنت نەدامێ ئیدی بە یەکجاری واز لە قومار بێنیت.

سالار:

- خۆزیا بەڵێنەکەم نەشکاندایە، بەڵام ئاخ؟

پیرۆز:

- دەترسم ڕۆژێك لە قومار ویژدانیشت بدۆڕێنیت..!!

سالار:

- نا... پیرۆز وامەڵێ.. تۆبە دەکەم تۆبەیەکی ڕاستەقینە.

پیرۆز(ڕووخساری گرژ دەبێتەوە و زۆر بەتووڕەییەوە)

- تۆبەی گورگ مەرگە... تۆبەی تۆ تۆبەی فیرعەونییە.

(بە توڕەییەوە دەچێتە ژوورەکەی دی و دەرگاکە زۆر بە توندی قەپات دەدات و دەنگ ئەداتەوە).

سالار (تەنیا دەمێنێتەوە و لە دڵی خۆیەوە قسە دەکات):

- نازانم چی بە هیوا بڵێم.. دڵنیام گەر بێت و بزانێت قەمەرە و بازاڕگاکەم دۆڕاندووە.. زۆر لێم زویر دەبێت و دڵی لێم دەشکێ.. دەترسم لە داخانە ماڵەکە بەجێ بهێڵێت.. منیش.. ژیانم ناوێ بێ تاقە کوڕەکەم.

(له دەرگا دەدرێ)

سالار:

- کێیە واهاتین..؟؟

(لێدانی دەرگا بەردەوامە)

سالار(دەرگاکە دەکاتەوە.. هیوای کوڕپەتی بەخێرهاتنی دەکاتەوە و تێر ماچی دەکات، بە دڵخۆشییەوە هاوار دەکات):

- پیرۆز: کچێ، پیرۆز وەرە هیوا هاتەوە.

پیرۆز (بەپەلە و بە ڕوو گەشییەوە پێشوازی لە هیوا دەکات):

- هیوا کوڕم بەخێربێیتەوە...؟؟

هیوا (دەستەکانی دایکی و سەری ماچ دەکات):

- دایە گیان..بابە گیان..هەواڵێکی گەلێ خۆشم پێیە..!! لە سایەی خواوە کۆتایم بە خزمەتی سەربازی هێنا..!!

(ڕوو لە باوکی دەکات )

- بابە گیان ئەوە من گرینگترین بڕیاری ژیانم جێبەجێ کرد.. کاتی ئەوەیە تۆ بەڵێنەکەت جێبەجێ کەیت..!!

سالار:

- هیوا گیان مەبەستت چییە..؟؟

هیوا:

- بابە گیان خۆت چاك دەزانیت بە هیچ جۆرێك ئامادەنەبووم خزمەتی دووژمن بکەم سەربازی بۆ داگیرکەری، عێراقی بەعسی کەم.. ئەو ڕژێمەی باشووری کوردستانیان داگیرکردووە، بەڵام بۆیە



کردم هەتا بەعسییە ترسنۆکە بێ غیرەتەکان لەم شاری کەرکوکی شارە کوردییە دێرینە دەربەدەر و ئاوارەتان نەکەن و خانووەکە موسادەرە نەکەن.. ئێستاکەش کاتی ئەوە هاتووە تۆ بەڵێنەکانت جێبەجێ کەیت...

سالار:

- خەمت نەبێت کوڕم هەموو شت بە دڵ خۆت دەبێت...!!

هیوا:

- ئەی کوا سۆپەرەکە بۆ دیار نییە..؟؟

پیرۆز:

- سۆپەرەکەی باوکت....!!!

سالار:(ڕێ نادات پیرۆز قسەکەی تەواو کات):

- لەسەر وەستایە.. کوڕم تۆ ماندوویت بڕۆ پشوو بدە.. دوایی قسەی لێدەکەین.

⋆ ⋆ ⋆

## بڕگەی دووهەم

( ماڵی سالار عزالدین کات بەیانیە کاتژمێر ٩.. سالار بیجامەی لەپێیە.. پیرۆز بەرچایی بۆ مادەکردووە).

سالار:

- پیرۆز ئەی ئەوە کوا هیوا..؟؟

پیرۆز:

- هیوا بەیانی زوو لە خەو هەستا و بەپەلە بەرچایی کرد... چووە دەرەوە.. وتی: یادی هاوڕێکانم دەکەم.. حەز دەکەم سەردانیان کەم...

سالار:

- چاکە خوا ئاگاداری بێت.. (چایەکە بەپەلە دەخواتەوە و ڕادەبێ).. ئەو خواردنە بەزیادکە...؟؟

پیرۆز:

- سالار پەلەی چیتە بۆ کوێ دەڕۆیت وا بەپەلە..؟؟

سالار:(ئاخێکی زۆر خەماویانە هەڵدەکێشێت.. تەماشای سۆما چاوەکانی پیرۆز دەکات زۆر بە ساردی دەڵێت):

- ئەچم بۆ لای عەدنان...!!

پیرۆز:(زۆر بە گرژییەوە)

- ئەچی بۆ لای عەدنان قومارچی.. چی دەکەیت..؟؟



سالار: (ڕادەمێنێ لە پیرۆز)

- ئەچم بۆ قومار..!!

پیرۆز،

- قومار..؟؟ ئەی تۆ تۆبەت نەکرد..؟ پێم ناڵێی چیت ماوە لەسەری قومار کەیت..؟؟

سالار:

- چۆن  چیم ماوە لەسەری قومارکەم.. ئەم خانووەم ماوە..خۆ ئەم خانووە کەم نییە.

پیرۆز:

- سالار هەرگیز ناشێت نیازت وابێت لەسەر ئەم خانووە قومار کەیت؟

سالار:

- بەڵێ نیازم وایە زۆر بیرم لێ کردەوە.. پاشان گەیشتمە ئەم چارەسەرە..!!

پیرۆز:

- چارەکەشت بەوەیە ئەم خانووە بکەیتە قومارەوە.. بە هەموو هۆش و بیرێکتەوە ئەم ڕێگا چارەیەت داناوە بۆ چارەسەرکردنی موشکیلەکانت.

سالار:

- ژنەکە بێ ئەقڵ مەبە هۆشمەند و هۆشیارانە بۆ چوونی خۆت بەرانبەر ئەم مەسەلەیە دەربڕە.. ئەوە چەند جارێکە عەدنان

قومارچی دەڵێت: با لەسەر خانووەکانمان قومارکەین.. ئەگەر بێت و بەخت یاوەرم بێت خانووەکەی عەدنان بەرمەوە.. ئەوە هەموو موشکیلەکانم حەل دەبێت ژن و قەمەرەکەی هیوا مسۆگەر دەبێت.

پیرۆز:

- باوکی هیوا پیاوی چاك بە خۆت ڕسوا مەکە.. خۆت تووشی ئەم کەتنە مەکە.. عەدنان گاڵتەت پێ دەکات.. عەدنان قومارچی.. قومار بووەتە پیشەی.. هەموو کەرکوك شارەزایین.. قومارچییەکی وەك ئەو عەدنانە ئەوەندە گەمژەیە خانوەکەی وا پەنجا ملیۆن دەکات، لەگەڵ خانووەکەی تۆ بەراوردی دەکات، کە دە ملیۆن زیاتر ناکات بە نرخی ئەمڕۆ...؟؟

سالار:

- ژنەکە تۆ زۆر بێ ئەقڵی.. هیچ حەز لە بەرژەوەندی من ناکەیت...!!

پیرۆز:

- ئەو پارەیەی بە خێرایی بێت بەخێرایی دەڕوات..؟؟ باوکی هیوا خۆزگام بەو کاتەی هەژار بووین هیچمان نەبوو.. زۆر مورتاح بووین.. تەنانەت بایی نانە زگەکەمان هەبوو.. بەڵام هەموو بەرەکەتی خودا ڕژابووە ماڵمان.. هەتا هەژار بووین تۆ سەرت بچوایا نوێژت نادەچوو.. منداڵانت فێری دەرسی قورئان دەکرد دەوڵەمەند بوویت بۆ گۆڕایت..؟؟!!

سالار:



- ئەی جەنابت دایم سکاڵای ئەوەت نائەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان دەوڵەمەند بین.. هەندێ جاریش بەناوی سوعبەتەوە دەتوت: خۆزیا شووم بە پیاوێکی دەوڵەمەند بکردایە.. تاکو هەموو شتێکم بۆ منداڵم بکردایە.. منداڵم چاوی لەدەست کەس نەبایە..ئێستاکەش دەڵێی خۆزگام بە هەژارییەکە..؟؟

پیرۆز:

- من هیواداربووم دەوڵەمەند بم.. تاکو منداڵم موحتاج نەبێت و خێری دونیای پێ بکەم کورد لەدێر زەمانەوە وتویەتی بە پارە دەتوانیت ئەم دونیا و ئەو دونیاش بکڕیت.. بەڵام تۆ هەر ئەو میراتییەی لە ئوستڕالیا بۆت مایەوە دەوڵەمەندتی کرد.. یەکسەر بوغرا بوویت و بوویتە کەسێکی دی.. وازت لە مزگەوت و برادەرانت هێنا.. تەنانەت لە دائیرەیش وازت هێنا و لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەت شەڕێکت کرد.. بەشی ئاشتیت تیا بەجێ نەهێشت.. چوویت بوویتە هاوڕێی قومارچییان و بنکڕەکانی کۆمەڵ..وەك بڵێی لە مەفهومی تۆدا دەوڵەمەند مەرجە قومارچی بناسێت...؟؟

سالار:

- باسی ئەوانەت هیچت لەگەڵ ناکەم.. بەڵام پیرۆز قومار بەختە.. وا هەست دەکەم بەختم یارە.. پاشان من ئەو پارەیەم بۆ کێیە لە تۆ و هیوا زیاتر...؟؟

* * *

# بڕگەی سێیەم

(ماڵی عەدنان.. عەدنان چاویلکەی لە چاوە و جگەرە بە دەمیەوەیەتی)

- ئەگەر ڕازی بایە ئەم یارییەی لەگەڵم بکردبایە.. ئەوە شتێکی زۆر باش بوو.. (زەردەخەنەیەك).. سالاری گەمژە بەتەمایە خانوو لە من بەرێتەوە.. ئاخ بەس ژنەکەی پەشیمانی نەکردایەوە.. ژنەکەی زۆر تێگەیشتووە.. سالار با خانووەکەت لێ بەرمەوە.. ئینجا دەبێ قومار لەسەر ژنەکەت کەیت.. هەر دەبێ لێتیش بەرمەوە.. چونکە ئەو ژنە جوان و چاکە لە تۆ خەسارە..!!

* * *



# بڕگەی چوارەم

(ماڵی سالار عزالدین.. سالار و پیرۆز بەردەوامن لەسەر گفتۆگۆکەیان)

پیرۆز:

دەتەوێ بە پارەی قومار ژن بۆ تەنیا کوڕەکەت بێنیت.. ئەی تۆ نازانیت تیکەی حەرام منداڵ لەدەست دەردەکات.. ڕەنگە ئابڕوشت لەدەست بدات.. ئەنجامی تیکەی حەرام خاپوور بوونی ئەو شار و خاکەیە..!!

سالار:

- ژنەکە بە قومار نەبێت ئەو پارەیەم بۆ پەیدا ناکرێت.. پاشان لەم ڕۆژەدا کێ لە خۆی دەپرسێتەوە ئایە دەستکەوتەکەی حەڵاڵە، یان حەرامە کێ خەمی ئەوەیەتی تیکەی حەرام دەچێتە ماڵیەوە.. یان تیکەی حەڵاڵ..؟؟

پیرۆز:

- تۆ خەمی ئەمە بخۆ.. مەهێڵە تیکەی حەرام بێتە ماڵتەوە ئیتر قومار مەکە...!!

سالار:

- لە سایەی سەری کابراوە زۆربەی کارەکان وەکو قوماریان لێ هاتووە.. زۆربەی خاوەن پیشەکان بە تەڵەکبازی و قۆڵبڕین و

هەزار سوێندی درۆش بێت هەر شتێك قازانج کات لە بان مایەکەوە.. گوێ بە هیچ شتێکی دی نادات.. تەنیا زۆربوونی پارەکە لە بان سەرمایەکەوە نەبێت.. ئێ خۆ قوماریش هەروایە.. لە هەمووی خۆشتر قومارچی سوێندی درۆ لەسەر قومارەکەی ناخوات.. ئیتر بۆ نەبمە قومارچییەکی ڕەسمی ! ژنەکە بەس نییە من قومار لەسەر پارە دەکەم، بەڵام کەسانێك هەن بەناو باوەڕە پیرۆزەکانیانەوە قومار لەسەر چارەنووسی میللەتێك دەکەن.. لایان ئاسانە قومار لەسەر کەرکوك کەن..؟؟

پیرۆز:

- ئەوە نییە تۆش دەتەوێت لەسەر خانووەکەمان قومارکەیت.. ئەم خانووە بۆ ئێمە نەوایە.. لانەیە وڵاتە.. وڵات مرۆڤی بێنەوا بێت بێ وڵات بێت.. ناتوانێت بەختیار بێت.. ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی تەگبیر بکاتەوە.. ئەستەمە بەرانبەر ڕووداوەکانی دەوروبەری بۆ چوونی بەجێی و بایەخداری هەبێت.. ئەگەر مافیشی بخورێت پاڵپێوەنەرێکی وانییە وای لێبکات.. هەموو ژیانی بەخت کات بۆ پاراستنی ئەو نەوایە.. ئەو وڵاتە.. تکایە بێ نەوامان مەکە.. ڕیسوای دۆست و نەیارانمان مەکە.. ئەگەر ئەمەش لە قومار بدۆڕێنیت ڕوو لە کوێ بکەین..؟؟

سالار:

- من پیاوم بەڵێنم بە عەدنان داوە یاری لەگەڵ بکەم.. پیاویش نابێت لە بەڵێنی خۆی پەشیمان بێتەوە..!!



پیرۆز:

- ئەی ئەگەر داوای لێکردی لەسەر ژنەکەت ناموووست یاری کەیت.. بەڵێنی دەدەیتێ..؟؟

سالار: (زۆر بەتووڕەییەوە زللەیەکی پێدا دەکێشێت)

پیرۆز:

- دە چاك بزانە ئەم خانووە بۆ تۆ نامووسە.. پاراستنی ئەم خانووە پاراستنی نامووستە.. پیاوی چاك بە لەسەری یاری مەکە..؟؟

سالار:

- ئافرەت تازە بەڵێنم داوە.. ئەگەر نەڕۆم لە ناو قومارچییەکان ئابڕوم دەچێت..!!

پیرۆز:

- ئاخر قومارچی کەی ئابڕوی هەبووە.. هەتا تۆ لەناو قومارچییەکان لە ئابڕوی خۆت بترسیت خۆ تۆ دونیات دیوە.. بۆ واز لەم کارەت ناهێنیت.. تکایە لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە.. وازبێنە..؟

سالار:

- وتە چینییەکەم زۆر چاك لەبەر، کە دەڵێت: لە ژن بپرسە و بە قسەی مەکە.. پاشان هەست دەکەم ئەمجارە بەختم یارە.. هەست دەکەم دەیبەمەوە...؟؟

(زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات.. سالار تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت)

سالار:

**- ئەلوو فەرموو کێ قسە دەکات.**

**عەدنان (لەلایەکەی تر لەسەر تەلەفۆنە)..**

**- ماڵی سالار عیزەدینە..؟؟**

**سالار:**

**- بەڵێ ماڵی سالار عیزەدینە.. من خۆم سالارم..!!**

**عەدنان:**

**- بێ قەزابیت.. ئەوە پەنجا جارە تەلەفۆن دەکەم ماڵێکی دی دەردەچێ..؟؟**

**سالار:**

**- خەتای من نییە.. خەتای دائیرەی بەدالەیە.. جەنابت کێی؟**

**عەدنان:**

**- دەنگم ناناسی.. من عەدنانم..؟؟**

**سالار:**

**- بەڵێ عەدنان گیان.. ببوورە دەنگم نەناسیتەوە.. فەرموو..؟؟**

**عەدنان:**

**- وتت چی بۆ یارییەکە..؟؟**

**سالار:**

**- بۆ یارییەکە..؟؟**

**عەدنان:**

**- بەڵێ..!!**



**سالار (تەماشای سۆمای چاوەکانی پیرۆز دەکات.. پیرۆز بە چاوی گلەییەوە دیقەتی دەدات).. تاپۆ..!!**

**- تاپۆی خانووەکەت ئامادەکە.. وادێم..؟؟**

**عەدنان:**

**- ئەوها بەپەلە ئەی بۆ دوای نەخەین بۆ ئێوارە..؟؟**

**سالار:**

**- نەخێر دوای ناخەین.. ئەم کارە دەبێ زۆر بەپەلە ئەنجام دەین.. یان جەنابت پەشیمان بویتەوە دەترسی لەگەڵم یاری بکەیت..؟؟**

**عەدنان:**

**- عەدنان لە قومار ناترسێت ..ژیانی هەمووی قومارە.. چۆن دەڵێیت با وابێت.. چاوەڕوانتم هەر لە ماڵی ئێمە یاری دەکەین...!!**

**سالار:**

**- ڕازیم پارێزەر و شایەدەکان ئامادەکە.. وا دێم..؟؟**

**عەدنان:**

**- خوات لەگەڵ..**

**(تەلەفۆنەکە دادەناتەوە)**

**سالار (تەلەفۆنەکە دادەناتەوە.. دەچێتە ژوورەکەی ئەودیو.. پیرۆز دوابەدوای سالار تاپۆی خانووەکە هەڵدەگرێت و دەیکاتە گیرفانییەوە.. دەمانچەکەشی هەڵدەگرێت)**

**پیرۆز:**

**- سالار ئەی ئەو دەمانچەیەت بۆ چییە..؟؟**

سالار:(لای دەدات)

- خۆمی پێ دەکوژم..!!

(دەڕوات.. دەگاتــە دەروازەی دەرگــای حەوشــەکە.. پیرۆزیــش بــە دوایەوەیە)

پیرۆز:

- توخوا ڕیسوامان مەکە.. خۆت تووشی ئەم گاڵتەجاڕییە مەکە..؟؟

ســالار:(پــاڵێ بــە پــیرۆزەوە دەنێــت و دەیداتــە ئــەرزا و دەرگــای حەوشەکە دادەخات و دەڕوات).

* * *



## بڕگەی پێنجەم

### (چایخانە)

(هیوا و هاوڕێکانی لە چایخانەکە دانیشتوونە چایان لە بەردەمە)

بەختیار:

- پیاو لەم وڵاتەدا لە عێراقو عەزیم هەتا سەربازی تەواو دەکات.. سیق و دیق دەکات..!! ئێستاکە باشە تەسریح بووی بەس هەتاکو لە تەجنید ڕزگارت دەبێت بانگ دەکرێیت بۆ ئیحتیات.. ئینجا خۆزگـا یـەك ئیحتیـات بایـە.. ئیحتیـات لـە دوای ئیحتیـات داوا دەکرێیت..!!

هیوا:

- تەبعا ئەی خۆت ناڵێی عێراقو عەزیم.. ئێ عێراق و عەزیم دەبێ وابێت..؟؟

نەوزاد:

- ئەرێ ئێوە ئەوها حوریەتی خۆتان وەرگرتووە لە قسە کردن.. کەس گوێی لێمان نییە..؟؟

خاوەن چایخانەکە:

- مەترسن ڕۆڵە چایخانەکەی مەلا ئەمانە.. ئەمڕۆش بە بۆنەی تەسریح بوونی هیوا ناهێڵم لە ئێوە زیاتر کەس بێتە ناو

چاپخانەکە.. بۆ خۆتان بە ئارەزووی خۆتان قسە بکەن.. ئەوە خۆمیش وا ئەڕۆم..؟؟ (ئەڕوات)

هیوا:

- زۆر سوپاس مەلا.. ئێوە شوکور هەمووتان دەرچووی پەیمانگەن.. بۆ هەوڵ نادەن دابمەزرێن لە دائیرەکانی دەوڵەت..؟؟

چالاك:

- ئێ کوا کورد دادەمەزرێنن لەم شارە.. خۆ کورد بەس واجیباتی لەسەرە.. هیچ مافێکی نییە...!!

هیوا:

- با هەیە بە قسەم کەن هەوڵدەن بە زووترین کات دابمەزرێن..؟؟

بەختیار:

- مەبەست لە تەعریبە وانییە.؟؟

هیوا:

- بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە فەقیر مەبن.. ئەم هەلە بقۆزنەوە.. چونکی لەوانەیە نەمێنێت..!!

نەوزاد:

- چۆن بە تەعریب تەعین بین..؟؟ چۆن ئینکاری قەومی خۆمان کەین..؟؟ ئەوەی ئینکاری قەومی خۆی کات زۆڵە..؟؟

هیوا:

- بێگومان ئەوەی ئینکاری قەومی خۆی کات زۆڵە.. بەڵام تۆ بەم کارە پێشی هەموو شتێك خزمەتی قەومەکەی خۆت دەکەی..



خزمەتی بەرژەوەندی خۆت دەکەیت.. براکانم هاوڕێ خۆشەویستەکانم نەختێ دووربین بن.. تەماشاکەن ئەو نەتەوانەی دی وا میوانن لەم شارە کوردییە ڕەسەنە.. گوێ بەشتی وا نادەن.. تەماشا دەکەیت هەموو دائیرەکان ئەوانن..؟؟

چالاك:

- ئەوان گوێ بە ئەسڵ و فەسڵ نادەن..!!

هیوا:

- نەخێر وانییە ئەوان زیرەکانە هەموو هەلێك دەقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی کەسێتی خۆیان..؟؟

بەختیار:

- تۆ شتێکی سەیرت وت.. وتت: بەم کارەتان پێش هەموو شتێك خزمەتی قەومەکەتان دەکەن.. تێمان گەیەنە چۆن..؟؟

هیوا:

- بەختیار گیان دەبوایە لەمە زیرەکتر بوویتایە.. کاتێ تۆ ببیتە فەرمانبەر لە دەزگایەك.. واتا لە دەزگایەکی حکومەت.. پۆستێکت بۆ کوردێك حیجز کرد ..کاتێکیش کوردێك دێت بۆ دەزگاکە.. تۆ دەتوانیت بەپێی دڵسۆزی و توانای خۆت خزمەتی کەیت.. جگە لەوەی زۆر لە بەرژەوەندی خۆتە.. چونکی خەڵکێکی زۆر دەناسیت بە هۆی دامەزراندنت لەو دەزگا حکومییە...؟؟

نەوزاد:

- هیوا گیان قسەکانت زۆر ماقووڵە..!!

هیوا:

- بەقسەم کەن.. ئێستاکە دامەزرێن، چونکی من دڵنیام ئەم حکومەتی بەعسە هەر دەڕوخێت.. ئەو کاتەش دەرچووانێکی زۆر هەن.. هەمووی داوای دامەزراندن دەکەن.. ئەو کاتەش دامەزراندن زۆر زەحمەت دەبێت.. ئێستاکەش وەختی هیمەت و خزمەتە بە زووترین کات دامەزرێن.. ئیمڕۆ ڕۆژی هیمەتە و ڕۆژی خزمەتە..؟؟

بەختیار:

- هیوا گیان بە بۆنەی دەرچوونت لە سەربازی بڕیارمانداوە.. بۆ ماوەی هەفتەیەك سەردانێکی بەغدا کەین...؟؟

نەوزاد:

- سەردانەکەمان هەم سەردانە و هەم ئاهەنگە..؟؟

چالاك:

- بە هیچ جۆرێك ڕازی نین داواکەمان ڕەتکەیتەوە.. هەر دەبێ لە گەڵمان بێیت بۆ ئەم سەردانە..؟؟

هیوا:

- زۆر سوپاستان دەکەم بەڕاستی ئەگەر مرۆڤێك هاوڕێی وای هەبێت لە خۆشی و ناخۆشیدا پشتگیری لێبکات.. ئەوە مرۆڤێکی بەختیارە..!!

بەختیار:



- برادەر.. بۆ ئەوەی برادەرەکەی بپارێزێت پێویستە ئوسوڵی برادەری بزانێت..؟؟

نەوزاد:

- برادەر ناوێکی پیرۆزە.. ئەو کەسەی ڕێزی بزانێت شایەنی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێت..؟؟

چالاك:

- مرۆڤ دەتوانێت بێ خزم بژیت.. بەڵام ناتوانێت بێ برادەر بژێت..؟؟

هیوا:

- زۆر ڕاستە بۆچوونی منیش وایە بۆ برادەری..!!

بەختیار:

- هیوا بەغا هیچت نایێنێتەوە یاد..؟؟

هیوا:

- چۆن لە یادم دەچێت ئەو خۆشەویستییە نموونەییە هەرگیز لە یاد ناچێت شیرین.. جوانترین شیرین لە جیهاندا شیرین دەلۆیی..؟؟

(هاوڕێکانی ئەم چەند دێڕە شیعرەی بە گۆرانییەوە بۆ دەڵێن)

بەختیار:

- یارەکەم دەلۆیە دەلۆیە.. بۆیە حەزم لە برادەری تۆیە..

نەوزاد:

- بۆیە حەزم لە چاوی شینە.. چونکی یارەکەم ناوی شیرینە..

چالاك:

- حەزم لە کچی بەدینە.. ئەمەیش ڕەوشتی شیرینە..

# بڕگەی شەشەم

(ماڵی عەدنان قومارچی)

(هێشتا سالار نەگەیشتووە لەگەڵ برادەرەکانی یەکی دەمانچەیەك دەداتە دەستیان)

عەدنان:

- ئەو دەمانچانەتان بالابێت.. چونکی نیازم هەیە ئەمجارە بە پاکی یاری کەم .. ئەگەر هەموو یارییەکەم بە سەختەیی کردبێت.. دەمەوێت ئەم یارییە بەپاکی بکەم..!!

یەکیان:

- ئەی ئەگەر دۆڕایت.؟؟

عەدنان: (پاش نەختێ بێ دەنگی) - ئەو کاتە فیشەك دەزانێت قۆناغ لە کوێیە..؟؟

(سالار دەگات.. لەگەڵ پێی ئەو پارێزەرەکە و شایەدەکانیش دەگەن)

عەدنان (بەیەك دییان دەناسێنێ)

- سالار گیان ئەو بەڕێزە پارێزەرەکەیە و ئەو دوو بەڕێزەی دیش شایەدەکانن..؟؟

سالار:



- پێخۆشحاڵم..!!

عەدنان:

- دەڵێی چی ئێستاکە یاری کەین.. یان دوایی پشوودانێك..؟؟

سالار:

- نەخێر هەر ئێستاکە یاری دەکەین..!!

عەدنان:

- کەواتە فەرموو با بڕۆین.. بۆ سەر مێزی گۆڕەپانەکە..؟؟

سالار:

- فەرموو..

(دەچن لەسەر مێزەکە ڕیز دەبەستن.. هەر کەس جێگای خۆی وەردەگرێت)

پارێزەر:

- عەدنان.. سالار.. هەردووکتان ئاگادار دەکەمەوە یارییەکە لە سێ یاری پێکهاتووە.. ئەوەی هەر سێ یارییەکە بدۆڕێت.. یان دوو یاری بدۆڕێت.. دەبێ دۆڕاو واز لە خانووەکەی بێنێت بۆ براوە و هەموو شتێکیش ئامادەیە بۆ گۆڕینی تاپۆی خانووەکان..؟؟

(وەرەقەکان سەفتە دەکات و دابەشیان دەکات)

- فەرموون ڕاکێشن.. وەرەقەکان ئامادەیە..!!

(سالار و عەدنان هەر کەسە و وەرەقەی خۆی ڕادەکێشێت)

عەدنان:

- سالار دەست خۆت ئاشكرا دەكەیت.. یان دەست خۆم ئاشكرا كەم..؟؟

سالار:(بە زەردەخەنەیەكی لەخۆبایی بوونەوە)

- عەدنان باش قومارچی وابزانم دۆڕایت..؟؟

(دەستی خۆی ئاشكرا دەكات)

- فەرموو ئەوە بیست خاڵ..؟؟

عەدنان: بەداخەوە (دەست خۆی ئاشكرا دەكات)

- بەس وابزانم دووبارە بللی نەقش..

سالار:(جگەرەیەك دادەگیرسێنێ گرژ دەبێتەوە)

عەدنان:

- بەڵام هێشتا یارییەكە تەواو نەبووە..!!

پارێزەر:

- ڕاستە هێشتا دوو یاری تر ماوەتەوە..؟؟

(دووبارە وەرەقەكان سەفتە دەكات و دابەشی دەكاتە سەر مێزەكە)

- فەرموو ڕاكێشن..؟؟

(دووبارە ڕادەكێشن)

عەدنان:

- دادەبەزیت یان دابەزم..؟؟

سالار:

- ئەمجارە ناتوانیت بڵێی بردمەوە..!!

عەدنان:



- بۆ چیت بۆ هاتووە..؟؟

سالار:(بە زەردەخەنەیەكی لەخۆبایی بوونەوە دەستی خۆی ئاشكرا دەكات)

- فەرموو ئەوە ٢١ نەقش..!!

عەدنان (بەبزەیەكی گاڵتە پێكردنەوە)

- خۆی ڕێی تێ دەچوو بیبەیتەوە.. ئەگەر بهاتایە و دووبارە بڵێم بۆ نەهاتایە (دەستی خۆی ئاشكرا دەكات) ٢١ نەقش..!!

سالار:(زۆر بەتووڕەیی و بە گرژییەوە)

- ئەمە یانی چی..؟؟

پارێزەر:

- یانی لەم دەسەیا یەكسان بوون.. دەسێك ماوە.. كاك سالار ئەگەر تۆ لەم دەستەی سێهەم بیبەیتەوە ئەوە یەكسان دەبن.. یارییەكی دی و كۆتایی دەكەین بۆ بەراورد كردن.. كێ بردییەوە ئەوە براوەیە.. ئەگەر عەدنانیش بیباتەوە ئەوە لات مەعلومە یەعنی چی...؟؟

(ئەمجارەش قاقزەكان تێك دەدات و ڕێكیان دەخاتەوە بە سەریاندا دابەشی دەكات)

- فەرموو ڕاكێشن..

(هەر دوولا لە لووتكەی ترسی دۆڕاندنەوە.. هەموو بزاڤەكانیان ئەنجام دەدەن .. نیگایان خستووەتە سەر نیگای یەكتر پارێزەر و

شـایەدەکانیش بەوپـەڕی چـاوەڕوانییەوە چـاوەڕێی دەسـتکەوتی یارییەکەیانە)

تێبینی:

(لەو ساتەدا ئەم ئایەتە دەخوێنرێت.. بەڵام تەنیا بینەر هەست بـە ئایەتەکان دەکات).

بسم الله الرحمن الرحيم

(انما يريد الشيطان ان يوقع بينكم العداوة والبغضاء في الخمر و
الميسر ويصدكم عن ذكر الله وعن الصلواة فهل انتم منتهون)

اية (٩١) سورة المائدة جزء (٧)

عەدنان: (لەم ساتەدا دەستی خۆی ئاشکرا دەکات)

- فەرموو ئەوە ٢١ نەقش.

سالار:

- چـۆن چـۆن وادەبێـت تـۆ هـەر سـێ دەسـەکە نـەقش بێنیـت... هەڵبەتە ئەم کارە فرۆفێڵێکی تێدایە..؟؟

سالار:(بتلێ ویسکی دەکاتەوە زۆری لێ دەخواتـەوە.. ئینجا سـەیری دەستی خۆی دەکا و ئاشکرای دەکات)

- ئەمە چییە ٢٢ یەع ع نن یەعنی دۆڕام..؟؟

( هەڵدەسـێتە سـەر پـێ) دۆڕام.. (بەرەبێتـەوە سـەر کورسـییەکەی ژێری وەکو ئەوەی هەموو دونیا ڕوخابێتە سەر شانی)



- یانی تەواو خانووەکەم دۆڕاند...؟؟ یەعنی ئێستاکە بـێ خـانووم.. بـێ نـەوام چۆن دەبێت بـێ خـانووبم.. پێویـستە هـەموو مرۆڤێـك خانوویەکی هەبێت لێی بحەسێتەوە.

عەدنان: (لە بان کورسیەکەی خۆی هەڵدەسێت و دەچێتە بەرانبەر سالار قومێکی درێژ لە پێکە ویسکیەکەی دەدات):

- بەڵێ لەمڕۆ بەدواوە تـۆ بـێ خانوویت.. چونکی خانووەکـەت بـە من دۆڕاند.. کەسیش زۆری لێ نەکردی بە ئارەزووی خۆت هاتی بۆ یاری..؟؟

سـالار(هەڵدەسـێتە سـەرپێ.. زۆر بـە تـووڕەیی ڕوو لـە پارێزەرەکـە دەکات):

- جەنابی پارێزەر تۆ فێری یاسا بوویت.. تاکو بـەرگری لـە بێتـاوان و سـتەم لێکـراوان و مـاف خـوراوان بکـەیت، یـاخود تـاکو ببیتـە پاڵپشتی قومارچی و قۆڵبڕان و سەختەچییان.

پارێزەر:

- ڕووی هۆکار ڕەش بێت کار و کاسبی نـەماوە دار و بـەرد بوونەتـە پارێزەر.. پارێزەری وەکو ئێمەش، کە بە ساختە و واسیتە کۆلێجی یاسامان تەواو کردووە، و لەم کارانـە زیـاتر نـازانین.. بۆیـە ناچـارم ئەمجۆرە کارانەش بۆ قومارچییان ئەنجامـدەین.. تـاکو گوزەرانمـان بەرینە سەر لەکاتی ناچاری ئیشت بکەوێتە لای سەگ.. پێی ئـەڵێی مامە..

عەدنان(دەچێتە لای سالار ڕووبەڕووی دەبێتەوە):

- سالار چونکی تۆ هاوڕێیەکی دێرینمی لەدڵما زۆر شیرینی.. بڕیارمدا مۆڵەتێکی ترت دەمێ.. ئەگەر بردتەوە ئەوە خانووەکەت دەدەمەوە.

سالار:

- بەرانبەر بەچی..؟؟

عەدنان:

- دەزانی بەرانبەر بە چی..؟؟

سالار:

- بەرانبەر بە چی..؟؟

عەدنان: (جگەرەکە لە دەمی دەردەکات )

- بەرانبەر بە پیرۆز.. پیرۆزخانی خێزانت..!!

سالار:(قومێکی قووڵ لە ویسکیەکەی دەدات)

- تێناگەم مەبەستت چییە..؟؟

عەدنان:

- سالار قسەکەم زۆر ئاشکرایە.. خانووەکە لەگەڵ پیرۆزی خێزانت بەراورد دەکەینەوە.. ئەگەر بردتەوە ئەوە خانووەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە.. ئەگەر دۆڕایت ئەوە پیرۆز تەلاق دەدەیت و خۆتیش بۆم دێنیتە ئێرە..؟؟

سالار(پێکێ ویسکی بە دەستیەوەیەتی بێدەنگ ڕاوەستاوە وەك بڵێی زمانی پڵت بووبێ.. هیچی بۆ نەدەوترا... لەبەر خۆیەوە دەڵێ



سالار داوەشێی قومار ئاوها بێ دەستەڵاتت کات لەسەر ژنەکەت یاری کەیت...

- نا..نا..نا (بە تووڕەییەوە ئەو ویسکیەی مابوو لە ناو پێکەکە ڕژاندە سەر و سیمای عەدنان)

- تەمەن کورت بیت هەی بێ ئابڕو.؟؟

(هاوڕێکانی عەدنان ویستیان سالار بدەنە بەر فیشەکە دەمانچە.. بەڵام عەدنان ئاماژەیان بۆ دەکات.. وەختی نییە سەر و چاوی دەسڕێتەوە)

عەدنان:

- مۆڵەتی دوو هەفتەت دەدەمێ تاکو چۆڵی کەیت.. تێگەیشتی..؟؟

سالار(هەڵدەسێت بە تووڕەییەوە دەڕوات).

* * *

## برگەی حەوتەم

(ڕێگای گشتی سالار بەتەنیایە.. بە دەم ڕێوە لەگەڵ ناخ و ویژدانی خۆیدا دەدوێ)

سالار:

- نابێت چۆن دەبێت عەدنان وا بەئاسانی لە خانووەکەم دەرم کات.. ئەم خانووە هەتا لە دروستکردنی بوومەوە شەوم دەدایە دەم ڕۆژەوە.. فرمێسکی چەند ساڵی ژیانم کۆکردەوە، لەگەڵ فرمێسکی هەموو منداڵە ئەنفالکراوەکان و هەموو منداڵە تەرحیل کراوەکان و بێ باوکەکان.. ئەم فرمێسکانە هەموو تێکەڵ دەبوو وەکو ئاوی گەرماو.. لەبەر هەتاوی گەلاوێژ ڕۆژانە تیشکی خۆرم دەخواردەوە .. شەوانە لەگەڵ مانگ گفتۆگۆمان دەکرد بە قورسایی لەشم تەپوتۆزی چوار وەرزی سالّم کردبووە بەرگ و زۆر بەدڵخۆشییەوە دەمپۆشی.. بەگلێنەی چاوەکانم بەرد..بەرد هەڵم دەگرت و بەدڵێکی گەشەوە لەسەر یەکم دادەنان.. چونکی هیوایەکی زۆر پیرۆزم هەبوو.. هیواکەم ئەوەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە خاوەن خانووی خۆم.. خاوەن نەوای خۆم.. شەو و ڕۆژ خەونم لە چاوی ڕووناکدا بەو ڕۆژەوە دەبینی ببمە خاوەن خانووی خۆم.. خەوەکەم هاتەدی بوومە خاوەن خانووی خۆم.. گەیشتم بە ئاواتی خۆم.. تاقە کوڕەکەم جگەر گۆشەکەم تیا پەروەردە کرد.. خۆشترین ڕۆژی



ژیانم لەتەک ژنە خۆشەویستەکەم بەسەربرد.. هەموو خەون و ئاواتە خۆش خۆشەکانم خۆیان وەکو زنجیرەیەك خۆیان نیشان دەدەن.. هەموو چرکە و ساتەکانی ژیانم خۆیان بەم خانووەوە بەستووەتەوە.. هەموو مرۆڤێ تەنانەت هەموو گیانلەبەرێك چارەنووسی ژیانی بەو خانووەوە بەو جێگایەوە بەستراوە وا تیایدا دەژێت.. چۆن دەبێت چ یاسا و عورفێك قەبووڵی دەکات کەسانێکی تری دەستەڵاتدار بێن و ئەو کەسانە جێ لەق کەن.. دەربەدەریان کەن و تەرحیلیان کەن.. گەورەترین تاوان ئەوەیە لە هیچ و خۆڕایی نەوای خۆت جێ لەق کەیت.. گەورەترین تاوانی مرۆڤایەتی ئەوەیە خەڵکانێك لە ڕەگ و ڕیشە هەڵقەنرێن.. لەبەر هیچ شتێك نا، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن خاوەنی ڕەسەنی ئەم شارەی کەرکوکەن.. لە جیاتی ئەوانیش بەدەیان هەزار کەس لە جێگاکانی ترەوە بێنێت. لە جێی ئەو داماوانە جێنشینی کەیت.. وەکو ئەمڕۆی کەرکوك.. ئەو هاوردانە و پاش ماوەی عوسمانییەکان خۆزگا پاش ماوەی عوسمانییەکانیش بوونایە.. نەوەکانی بەکرێگیراو و جاشی عوسمانییەکان بوونەتە خاوەن ماڵ و کوردی خاوەنی ڕەسەنی شارەکەش بووەتە بێگانە.. بەڵێ دژوارترین تاوانبار ئەو کەسەیە کەسانی تر بێ لانە و سەرگەردان دەکەن.

- ئێ عەدنان تۆ جەنابت دەتەوێ وا بەئاسانی لە خانووەکەم دەرمکەیت.. خۆ من لە یادمە مامۆستا وریا خوا عافووی کات، کە

فێری وانەی قورئانی دەکردین.. پێی دەگووتین پێغەمبەری ئاخری زەمان دروودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: هەر کەسێ لە پێناوی پارە و موولکەکەی بکوژرێت شەهیدە.. هەر کەسێك لە پێناوی پاراستنی ناموسی بکوژرێت شەهیدە.. هەر کەسێك لە پێناوی بەرگری کردن لە زەویەکەی واتا لە وڵاتەکەی لە خانووەکەی بکوژرێت شەهیدە... ئێی عەدنان دڵنیابە بە هەموو توانایەکم ڕووبەڕووت دەبمەوە دڵۆپ دڵۆپ خوێنم دەکەمە قوربانی خانووەکەم.. بە زەردەخەنەوە بەرەوپیری مەرگ دەبمەوە.. لە پێناوی بەرگری کردن لە نەواکەم.. عەدنان من ئەگەر پیاو بم هەرگیز ڕێت نادەم ماڵم وێرانکەیت، خێزان و منالم سەرگەردانکەیت. (جگەرەیەك دادەگیرسێنێ فرمێسك وەك دڵۆپە باران بە چاویدا دێتە خوارەوە).. بەڵام سالار تازە کار لە کارترازاوە تازە تۆ خانووەکەت دۆڕاند.. چی بکەم..؟؟ چۆن لە ماڵی خۆمدا بێ ترسی دەرکردن بنووم.. نازانم چۆن خۆم ڕزگار کەم لەم کەتنەی بە هۆی قومارەوە تێکەوتم..؟؟

* * *



## بڕگەی هەشتەم

(بەردەم ماڵی سالار عیزەدین... پارێزەر و عەدنان بە دزی سالار دەچنە ئەوێ پێش گەڕانەوەی ئەو.. پارێزەر دوو سێ جار لە دەرگاکە دەدات.. پیرۆز جوان خۆی دەپۆشێت و دەرگاکە دەکاتەوە)

پیرۆز:

- فەرموون...؟؟

پارێزەر:

- خاتوون دەرفەتمان دەدەیت تاکو بێینە ژوورەوە.؟؟

پیرۆز:

- داوای لێبوردنتان لێدەکەم.. چونکی نەمێردەکەم لە ماڵە.. نەکوڕەکەم..!!

پارێزەر:

- دەزانم جاری مێردەکەت نەهاتووەتەوە.. بۆیە منیش ئێستاکە هاتووم.. چونکی نەبوونی مێردەکەت لە ماڵ دەرفەتێکە..!!

پیرۆز: (بە تووڕەییەوە ) مەبەستت چییە.؟؟

عەدنان:

- پیرۆز خان بە هەڵە لێمان تێمەگە لە بەرژەوەندی تۆ هاتووین، چونکی کارێك هەیە دەبێ بیزانیت..!!

پیرۆز:

- بۆ دەبێ بیزانم..؟؟

عەدنان:

- چونكی پەیوەندی تەواوی بە خۆت و مێردەكەتەوە هەیە..!!

پیرۆز:

- مێردەكەم..؟؟ خوا نەخواستە هیچی بەسەر نەهاتووە..!!

پارێزەر:

- مەترسە مێردەكەت هیچی بەسەر نەهاتووە.. بەڵام ئەوەی تۆ دەبێ بیزانیت زۆر زەرووره خوشكی ئازیزم بەسەر پێی ناتوانم بۆتی باسكەم.. ئەگەر ڕێمان دەیت بێینە ژوورەوە.. تاكو بە وردی لە مەسەلەكەت بگەیەنین.

پیرۆز:

- نەخێر ناتوانم بەهیچ جۆرێك لە كاتی نەبوونی مێردەكەم لە ماڵەوە ماڧ ئەوەم نییە خەڵكی نامۆ ڕەوانەی ژوورەوەكەم.

پارێزەر:

- ئاخر مەسەلەكە زۆر گەورە و گرینگە.. پاشان ئێمەیش نیازمان گڵاو نییە...؟؟

پیرۆز:

- ئەگەر هەواڵی مەرگی تاقە كوڕەكەمتان هێنابێت ڕێی ئەوەتان نادەم بێنە ماڵەوە.. چونكی نامۆن و مێرد و منداڵم لە ماڵ نییە، چیتان هەیە بە خێرایی بیڵێن.

پارێزەر:



- خاتوون بە كورتی و بە كوردی مێردەكەت خانووەكەی لە قومار دۆڕاند.. من پارێزەرم ئەگەر دەتەوێ لە دەستی مێردەكەت ڕزگارت بێت.. ئەگەر مۆڵەتم دەیت ئەوە دەتوانم زۆر بە ئاسانی لێتی جیابكەمەوە.. هیچ مەترسە یاسای ئەم سەردەمە لە پشتی تۆیە.

پیرۆز:(زۆر بە تووڕەییەوە دەرگاكە بەسەرو چاویان دادەخات و جێوێنیشیان پێ دەدات، لە ژوورەوە چۆن تەڵاقدانی ژن بێ مێردەكەی دەگونجێت..؟؟

پارێزەر:

- تۆ وەرە بۆ دادگا داوایەك بۆ دادوەری دادگا پێشكەشكە.. بزانە چۆن تەڵاقت بۆ وەردەگرم.. بەبێ ئەوەی مێردەكەت ئاگای لە هیچ شتێك بێت.. سەبارەت بە پارەی پارێزەر خەمت نەبێت هەمووی دەكەینە ئەستۆی ئەو..!!

پیرۆز:

- چۆن شتی وا دەبێت چۆن..؟!

پارێزەر:

- تۆ هەقی ئەمەت چییە قائید و زرورە موستەحیلی لەم وڵاتە نەهێشتووە..

پیرۆز:

- ئێوەش هەروەكو ئەوی وان.. بۆیە دوای ئەم كارە ناماقووڵە كەوتوونە..؟؟

پارێزەر:

- تۆ هەقی ئەمەت چییە.. من کاسبیەکەم وایە.. دەوەرە با تەڵاقەکەت بۆ جێبەجێکەم..؟؟

پیرۆز:

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن لە ڕووی شەرعەوە ناکرێت.. چونکی لە یادمە زارا خان لە مزگەوت فێری کردین ئافرەت لە سێ کاتدا تەڵاقی لە مێردەکەی ناکەوێت.. ئەگەر سێ جاریش بە لەفزی تەڵاقەوە وتی: تۆ تەڵاقی.

پارێزەر:

- ئادەی توخوا ئەو سێ جارە چیین؟

پیرۆز:

- یەکەمیان ئەگەر بە زۆر پێی تەڵاق بدرێت.. لەژێر ترسی هێز، یان هەر ترسێکی دی.

پارێزەر:

- ئەی دووەمیان؟

پیرۆز: ئەگەر لە کاتی بێ هۆشی و بێ ئاگایی تەواو بێت.. بەبۆنەی هەر هۆیەکەوە بێت.

پارێزەر:

- ئەی سێهەمیان؟

پیرۆز:



- جەنابی پارێزەر نا پارێزەر.. ئەگەر لە ناو خەودا تەڵاقی دات. ئەم سێ جارەش هەرسێکی لە کاتی ئامادەبوونی مێرد.. ئیتر پێم ناڵێیت ژن چۆن بێ ئاگاداری مێردی تەڵاقی دەکەوێت.

پارێزەر:

- پیرۆز خان یاسا ئەم گیرو گرفتە گرانەی ئافرەتی چارەسەر کرد.. وای لێکرد چ کاتێك ئارەزوو بکات و بیەوێت زۆر بە سووك و ئاسانی تەڵاقی خۆی وەردەگرێت.. بەبێ ئاگاداری مێردەکەشی...؟؟

پیرۆز:

- یاسا چۆن ئەم سلاحیەتە ناشەرعیەی داوەتە ئافرەت..؟؟

پارێزەر:

- چۆن ناشەرعییە ئەم لە زەمەنی حقوق ئەلماجداتە.. یەعنی حقوق المراة..؟ مەعنای هەمووی شەرعیە.. !!

پیرۆز:

- جەنابی پارێزەر تۆ قەت لە خوا ناترسیت.. دەتەوێ ئاوها بە ئاسانی ژن و مێرد لە یەك جیابکەیتەوە.. ژیانی خانەوادەیەك بشێوێنیت.. ماڵ لە خەڵکی تێکدەیت و وێرانی کەیت.. تۆ دەزانی دارا کاتێ ئەسکەندەری بەزاند.. قەڵای کەرکوکی لە دەستی داگیرکەری ڕۆمی ڕزگارکرد یەك مانگ نەچووە ناو قەڵاوە دەزانی لەبەرچی..؟؟

پارێزەر:

لەبەر چی..؟؟

پیرۆز: لەبەر ئەوەی ئاسکەیەك ئاوسابوو لە کاتی منداڵبوونی بوو.. نەوەك نەواکەی لێ تێکدات، تێگەیشتی...؟؟

پارێزەر:

- ئا تێگەیشتم..!!

پیرۆز:

- ئەی دەزانیت سەعدی کوڕی وەقاس چوار مانگ غەزایەکی دواخست.. تاکو نەبێتە هۆی تێکدانی هێلانەی کۆترێك کاتی جوقانی جوجەڵەکانی بوو..؟؟

عەدنان:

- بۆ خاتری خوا تۆ ئەمانە لە کوێ دەزانیت.. خۆ تۆ نەخوێندەواریت هەیە.. نەقوتابخانەت تەواو کردووە...؟؟

پیرۆز:

- مەرج نییە ئەوەی قوتابخانەی تەواو کردبێت تێ گەیشتوو بێت. بۆیە ئەم شتانە ئەزانم چونکی کەس و کارم پەروەردەیەکی ئاینی پەروەردەیان کردووم لەسەر ڕەوشتی بەرزی کوردەواری ڕایان هێناوم، تەنانەت باوکم فێری مێژووی دێرینی کوردی کردووم.. تەنانەت دەزانم بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی ئاوەدانکردنەوەی جیهان لە ئەشکەوتەکانی شانەدەر و هەزارمێردەوە دەستی پێ کردووە.

پارێزەر:

- خوشکی ئازیزم واز لەم قسانە بێنە و وەرە با تەڵاقەکەت بۆ وەرگرم و لە دەستی ئەم قومارچییە ڕزگارت کەم.. هەرچی



کەرەستەی ناوماڵیش هەیە دەخرێتە ناوی تۆ و بە مولکی تۆ لە قەڵەم دەدرێت.

پیرۆز:

- پارێزەری بەڕێز گریمان قسەکەی تۆ ڕاستە بە دادگا تەڵاق وەردەگیرێت بەبێ ئاگاداری مێردی ژنەکە...؟

پارێزەر:

- ئا ئەمە قسەی ماقوڵە.

پیرۆز: دە وەڵاهی بیلاهی تەڵلاهی، کە هەرسێکی ناوی خوایە ئەو ئافرەتە بەو جۆرە تەڵاقی ناکەوێت. هەر ژنی مێردەکەی خۆیەتی.

پارێزەر: (ڕوو لە عەدنان دەکات)

- ئەمە کەی ئافرەتی ئاساییە.. ئەمە هەر موحامییەکە بۆ خۆی.. بابڕۆین بێ سوودە.

عەدنان: (بەتکا کردنەوە)

- پیرۆز خان خەمت نەبێت هەر سالار تەڵاقت دەدات.. ئامادەم هەر ئەو ڕۆژە بتخوازمەوە.

پیرۆز:(بە ئیهانە پێکردنەوە )

- جەنابت کێی..؟؟

عەدنان:

- من عەدنانم.. عەدنان قومار باشی.

پیرۆز:(هەتا لە توانایەتی تفێك دەکاتە چارەی عەدنان).

* * *

## بڕگەی نۆیەم

(ماڵی سالار عیزالدین؟.. پیرۆز خەریکی کۆکردنەوەی حاجەتی
پاشی نان خواردنی ئێوارەیە.. جارێ تەنیا هیوا و پیرۆز لە ماڵن)

هیوا:

- دایە گیان سبەی لەگەڵ مەلا بانگدان لە تەك هاورێكانم دەچم بۆ بەغا.. لەوانەیە هەفتەیەکمان پێ بچێت.. چونکی بەیانی زوو دەڕۆین لەبەر ئەوە زوو بنووم باشترە.. دایە گیان ئەگەر بە گرانی نازانیت پێداویستییەکانم بۆ ئامادەکە و بیخەرە هەگبەکەمەوە.. بۆ ئەوەی دوانەکەوم.

پیرۆز:

- بەسەرچاو کوڕە شیرینەکەم (تاسێ دۆی دەداتێ) ..
- کوڕم پێش ئەوەی بنووی نەختێ لەم دۆیە بخۆرەوە.

هیوا:(دۆ دەخواتەوە)

- دایە توخوا بە باوکم بڵێ لێم عاجز نەبێت بۆ ئەم سەفەرە وا بەپەلە دەڕۆم. خۆ من هێشتا تێر نەبوومە لە دیتنی باوکم.. بەڵام برادەرەکانم دەعوەتیان کردووم.. ناتوانم دڵیان بشکێنم. پەنا بەخوا بێمەوە لە سەفەر ئیتر باوکم بەجێ ناهێڵم.. هەر وەکو هاورێ لەگەڵی دەبم...؟؟

پیرۆز:

- بڕۆ کوڕم بنوو با زوو خەبەرت بێتەوە..؟؟



(هیوا دەڕواتە ژوورەکەی خۆی و دەرگاکە دادەخات دەخەوێت. پیرۆز نەختێ لە دۆیەکە دەخواتەوە.. سالار زۆر بە هێمنی لەسەر خۆی دێتە ژوورەوە بە ئاسپایی)

- کوا هیوا..؟؟

پیرۆز:

- هەتا ئێستاکە لە کوێ بوویت..؟؟

سالار:

- دەڵێم کوا هیوا..؟؟

پیرۆز:

- نووستووە.

سالار:

- زۆر چاکە هیچی نەگوت.. خۆ دیسان پرسیاری سەیارەکەی نەکرد..؟؟

پیرۆز:

- با پرسیاری سەیارەکەی کرد..!!

سالار:

-ئەی چیت پێ گوت..؟؟

پیرۆز:

- پێم گوت هێشتا لەسەر وەستایە.

سالار:

- ئەی هیچی تری نەگوت...؟؟

پیرۆز:

- با پێی وتم بە باوکم بڵێ لێم عاجز نەبێت.. هاوڕێکانم دەعوەتیان کردووم.. سبەی لەگەڵ مەلا بانگدان دەچم بۆ بەغا.. لەوانەیە هەفتەیەکمان پێ بچێت.

سالار:

- زۆر چاکە ئەم ماوەیە لێرە نەبێت چاکترە.. پیرۆز دەزانی بۆ غەمبارم..؟؟

پیرۆز:

- چونکی خانووەکەت لە قومار دۆڕاند...؟؟

سالار:

- ئەمەت چۆن زانی؟؟!!

پیرۆز:

- پێت سەیرە چۆن زانیم پێت شەرم نییە ئەم خانووەت لە قوماردا دۆڕاند.. خۆت و ئێمەشت کردە گاڵتەچی ناو خەڵکی.. دە فەرموو تازە ڕوو لە کوێ بنەین.. سەر بۆ کوێ هەڵگرین..؟؟

سالار: لە سبەینێوە لە دوای خانووێك دەگەڕێم بۆ کرێ..

پیرۆز(هەڵدەسێتە سەرپێ بە تووڕەییەوە)

- خوا تۆڵەی من و هیوات لێ بسەنێت.. (بە تووڕەییەوە دەڕوات)

سالار(جگەرەیەك دادەگیرسێنێت)

- نەخێر عەدنان دەرناچم.. ئەگەر بەلاشەیی دەرچم تیایدا...!!

* * *



# بڕگەی دەیەم

(دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی)

سالار سەردانی ژووری هاوڕێ نزیکەکانی دەکات، لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی سالار هەردووکیان بەسەرسووڕمانە هەڵدەسنە سەرپێ و بە چووتە دەڵێن:

- سالار عیزەدین ڕۆژی شەممە و لەناو دەزگا شتێکی سەیر و سەمەرەیە..؟؟!!

سالار:

- بەڵێ خۆمم سالاری هاوڕێتان.. سەیر نەبێت دونیایەکی زۆر بچکۆلەیە.. شاخ بە شاخ ناگاتەوە کێو بە کێو ناگاتەوە.. بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگاتەوە.

دارا:

- پیاوی پارەدار فریاناکەوێت سەری خۆی بخورێنێت.. ئیتر چۆن دەرفەتی دەبێت سەردانی هاوڕێکانی کات.. فەرموو قوربان چۆن دەتوانین خزمەتت کەین...؟؟

سالار(لەسەر یەکێ لە ئەسکەمبیلەکان دادەنیشێت)

- دەزانن بۆ چی هاتووم..؟؟

سۆران:

- سالار گیان بۆ هەرچییەك هاتووی یاخوا بەخێربێیت..؟؟

سالار:

- هاتووم بۆ ئەوەی هەوڵێکم بۆ بدەن بەڕێوەبەر ڕازی کەن بمگەڕێنێتەوە سەر دەزگا.. چونکی زۆر بێکارم.. پێویستیم بەکار هەیە.. ئەگەر خانووش شك دەبەن ئەوە خانوویەکیشم دەوێت بۆ کرێ..!!

دارا:

- دیارە نیازت هەیە ژن بۆ کوڕەکەت بێنیت گومانی تێدا نییە.. خانووەکەت بۆ کوڕەکەتە..؟؟

سۆران:

- تۆ بەڕاستتە.. یان هاتووی سوعبەتمان لەگەڵ دەکەیت.. گەڕانەوە بۆ وەزیفە و خانووی کرێ و سالار ئەمە یانی چی.؟؟

سالار:

- یەعنی ئێستاکە من موفلیسم...!!

سۆران:

- ئەی ئەو سەدەها هەزار دینارەی هەموو بەجارێ لە دەرگای بەختەوە وەکو باران بۆت هاتە خوارەوە.. ئەی ئەو موڵك و ماڵانە چییان بەسەرهات..؟؟

سالار:

- وەکو ئەو دەریایەی فیرعەون و سەربازەکانی تیایا خنکان و وشکی کرد.. دەریای پارەکەی منیش ئاوها وشکی کرد.



دارا:

- چۆن ئەم هەموو گەنجینە و سامانە چییان بەسەرهات..؟؟ بۆ کوێ ڕۆیی..؟؟ بەچی ڕۆیی..؟؟

سالار(ئاخێکی خەماوی هەڵ ئەکێشێت جگەرەیەك ئەکێشێت):

- بە قومار، هەموویم لە قومارا دۆڕاند..!!

دارا( واقی وڕما):

- قومار؟ سالار تۆ و قومار؟ پێم ناڵێیت تۆ کەی قومارت زانیوە تاکو قومار کەیت؟ لە کەیەوە دەستت داوەتە قومار بە قسەی کێ.؟؟

سالار:

- لە پارەوە دەستم کردە قومار بەپێی ئامۆژگارییەکانی عەدنانی هاوڕێی گیانی بە گیانیم دەستم دایە قومار.

دارا:

- کەچی گەر بە قسەی ئێمەت بکردایە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری سوودمەندت دەبوو.

سۆران: بەو پارەیە دەتتوانی ئەم دونیا و ئەو دونیایش بکڕیت..

سالار: (بەو پەڕی خەمبارییەوە):

- خاڵەم خودای بەخشندە لێی خۆش بێت و بیکاتە ژێر بەزەیی خۆیدا.. کاتێ ئەمری خودای بەجێ هێنا لە من زیاتر کەسی تر نەبوو میراتگری بێت.. بۆیە هەموو سەروەت و سامانەکەی بۆ من مایەوە.

دارا:

- دیاره ئەو پارەیەی بە ئاسانی بێت بە ئاسانی دەڕوات..؟؟

سۆران:

- تۆ کاتێ چاوت بە سەروەت و سامانەکە کەوت وازت لە هەموو شتێك هێنا.. تەنانەت لە وەزیفەکەتیش.

دارا:

ئەی لە یادت نییە چیت بە بەڕێوەبەر کرد.؟؟.

سۆران:

- چۆنم لە یاد نییە ئەمەنەی قسە بە بەڕێوەبەر گووت.. شەڕێکی وات لەگەڵدا کرد بەشی ئاشتی تیا نەهێشت.

دارا:

- خۆزگا بەس بەڕێوەبەر بایە.. خۆ بە قسە نەستەقەکانی هەست و نەستی هەموو فەرمانبەرانی بریندار کرد(ڕوو لە سۆران دەکات).. خۆ تەنانەت خۆم و خۆتیش بێبەش نەبووین لە قسە نەستەقەکانی..؟؟

سۆران:

- دیوتە سالار گیان چۆن پێویستت پێمان بوو. مرۆڤ هەر پێویستی بە مرۆڤ دەبێت..؟؟

سالار:

- داوای لێبوردنتان لێدەکەم لە ڕووی ئێوەدا شەرمەزارم.. ئەمشەو تاکو بەیانی خەوم لێ نەکەوتووە.. هەرچەند تەگبیرم لە کێشەکانم



دەکردەوە لە ئێوە بەولاوە کەسم بە باشتر نەزانی.. تاکو خەمی دڵمی بۆ هەڵڕێژم و لە تەکیا باسی کەم..!!

دارا:

- مادام تۆ پەنات بۆ ئێمە هێناوە دڵنیابە ئێمەش پەنا بەخوا بە تەنگتەوە دێین و درێغیت لەگەڵ ناکەین.. هەوڵ لەتەك دەدەین بە هەموو توانایەکمانەوە بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتەکانت بکەین..؟؟

سۆران:

- زۆر چاکە کەواتا من پێم باشە ڕۆژی ئەم جومعەیە نا جومعەکەی تر سەردانێکی ماڵی کاکە سالار دەکەین.. هەوڵ دەدەین کێشەکانی لەگەڵ چارەسەرکەین.. بەڵکو لەم ماوەیەدا خانوویەکیشی بۆ دەدۆزینەوە بۆ کرێ.

دارا:

- قسەکەت زۆر جوانە منیش هەر وام پێ باشە.

سالار:

- زۆر خۆشحاڵ دەبم بە هاتنتان. چاوەڕوانتان دەبم. (سالار جگەرەیەکی دیش دادەگیرسێنێ و خوا حافیزیان لێ دەکات و سەری دادەگرێت و دەڕوات).

* * *

## برگەی یانزەمین

(بەغا- هیوا و هاوڕێکانی لە ناو ئوتێلێکی ئاساییین.. هەگبەکانیان لەو جێگایانە داناوە واتایبەتە بۆ هەگبە و کەلوپەل.. دوو ڕۆژە گەیشتوونەتە بەغدا پێ دەچێ تازە لە سەردانی باخچەی زەورا و پیاسەکردنی شەقام و گەڕەکەکانی شاری بەغا هاتوونەتەوە.. ماندووبوونیان پێوە دیارە هێشتا هەموو بە پۆشاکی دەرەوە لەسەر چارپایەکانیان ڕاکشاون و یان دانیشتوون کەسیان پۆشاکی خەوی لەبەر نەکردووە)

هیوا:

- بە ڕاستی دونیایەکی سەیر و سەمەرەیە ڕۆژێ بۆ تۆیە و ڕۆژێك لەسەر تۆیە. حەماڵی دوێنێ بازرگانی ئەمڕۆیە، بازرگانی دوێنێش حەماڵی ئەمڕۆیە..؟؟

بەختیار:

- ئەم دونیا پان و بەرینە بۆ کەس نامێنێت.. تەنانەت بۆ خۆشەویستی خودا نەما. هەموو مرۆڤێك ڕۆژێك دێت کۆتایی بە چیرۆکی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ژیانی دونیای بێت. زۆرم لاسەیرە ئەو کەسانەی ستەم لەو بێ دەستەڵاتانەی ژێر دەستەڵاتیان دەکەن



چۆن فکر لە ڕۆژی مردن ناکەنەوە لە پاشی مردن ناکەنەوە.. چونکی مرۆڤ پاشی مردنی تەنانەت کردەوەکانی لەگەڵیا دەمێنێتەوە بە پێی کردەوەکانی خودای گەورە حیسابی لەگەڵ دەکات.

نەوزاد:

- ڕاستە ئەو کەسانە وابێ ویژدانی ستەم دژ بە گەلانی ژێر دەستەڵاتیان ئەنجام دەدەن کاتێ دەبنە خاوەن دەستەڵات. ئاخۆ دەبێ بۆ وەعز و عیبرەتیان لەوانە قورئانیەکان وەرنەگرتبێت. لە چیرۆك و ڕووداوەکانی فیرعەون و نەمرودو هامان و عاد و نەتەوەی لوت وەرنەگرتبێت...؟؟

چالاك:

- مرۆڤ کە دەڵێین مرۆڤ.. واتا مرۆڤی هەموو دونیا پەروەردەیەکی ئاینی نەکراو لەسەر ڕەوشت بەرزی ڕانەهێنرا.. ئەو مرۆڤە دەبێتە مرۆڤێکی دونیا پەرست.. هەرگیز هەوڵ نادات خۆی ئامادەکات بۆ ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خودا.. مرۆڤی دونیایی هەرگیز گوێ نادات بە مردن و ڕۆژی قیامەت، بەڵکو بڕوا بە بوونی ڕۆژی حیساب ناکات.. ڕۆڵەی موسڵمان تاکو پەروەردە نەکرێت لەسەر پیتەکانی قورئان و مێژووی ژیانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت.. و لەسەر ڕووداوەکانی ژیانی یارانی خۆشەویست پەروەردە بکرێت.. بەڵێ پێویستە دایك و باوکی موسڵمان هەر لە کۆرپەییەوە لەسەر ئاینی ئیسلام و ڕەوشتی بەرزی کوردەواری

پەروەردەکەن.. تاکو مرۆڤێکی سوودبەخش بن، بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ کوردستان بەتایبەتی.

تێبینی: ئەم ئایەتە دەخوێنرێتەوە تەنیا بینەر دەیبیستێ.

(وأتقوا يوماً ترجعون فيه الى الله ثم توفي كل نفس ماكسبت و هم لا يظلمون) سورة البقرة

نەوزاد: (قسەکەی تەواو دەکات)

- هیوا پێم بڵێ بۆ لەناکاو لێم جیابوویتەوە.. کاتێ لە باخچەی زەورا لە تەنیشت یەکەوە ڕێمان دەکرد..؟؟

هیوا:

- چونکی عەباسی برای شیرینم بینی.. یەکسەر چووم بۆ لای.. بێ پێچ و پەنا باسی داخوازی شیرینی خوشکیم لەگەڵی کرد..!!

بەختیار(بەشپرزەییەوە):

- ئێ چی پێ وتی..!! چۆن وەڵامی دایتەوە..؟؟

هیوا:

- ئەویش زۆر بە ئاشکرا وەڵامی دایەوە..

چالاك:

- ئێ باشە باش وەڵامتی دایەوە..!! وتی چی..؟؟

هیوا:



- بەو حیسابەی عەباس بۆی کردم، بۆ ئەوەی شیرین بخوازم بە مارەیی و شیربایی و حاجەتی ناوماڵ نزیك شەش ملیۆن تەکلیف دەکات..

بەختیار:

- کەواتە قوڕ بەسەر فەقیر بەو حیسابە بێت هەرگیز ناتوانێت ژن بۆ کوڕەکانی بێنێت.

نەوزاد:

بێگومان ئەگەر ئەم کچ فرۆشتنە بەردەوام بێت، تەنانەت پارەدار دەتوانێت ژن بێنێت.؟؟

هیوا:

- خۆزگە ڕۆژێ ڕێیان پێمدەدا لە مینبەری مزگەوتێکەوە خۆتبەم دەدا..

- نەوزاد بۆ..؟؟

هیوا:

- هەتاکو پڕ بە دەنگم هاوارم بکردایە ئەی باوکە بەڕێزەکان دایکە خەمخۆرەکان ئەی هاوار بۆ خاتری خوا بگەنە فریای کچەکانتان هەوڵدەن بیانپارێزن لە شەڕی شەیتان، ستەمیان لێ مەکەن کچەکانتان گوناحن. توخوا نامووسی خۆتان و کچەکانتان بپارێزن لە دەستی ئاپتەر لە دەستی شەیتان بجەنگێن خەبات کەن دژی شەیتان بە شوودانی کچەکانتان بۆ خاتری خوا هەتاکەی کچەکانتان دەکەنە مەزادەوە داواکانتان تەنیا پارەداران دەتوانن

جێبەجێی کەن. خۆتان مەخەڵەتێنن دەگمەنە بەچکەی پارەدار داوای هەژارێك بکات.. ئەی ئێوە نازانن بەهۆی زوڵم و زۆرداری ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی عەرەبی داگیرکەری باشووری کوردستان زۆربەی زۆری خەڵکەکەی هەژار بوونە هەر لە کوردەکانی بەغاوە، کە تەنانەت ناسنامەشیان لێ سەنرایەوە.. هەمووی ڕۆڵە ئەنفالکراون و کیمیاباران و تەرحیلکراون و یان هەر هیچ نەبێت ژێر چەپۆکی عەفلەقیەکانن.

نەوزاد:

- هیوا لەسەر خۆت.. ئێمە لە بەغداین لە هەولێر و سلێمانی نین...!!

هیوا:

- توخوا بهێڵە با تەواوی کەم..؟؟

نەوزاد:

- فەرموو..

هیوا:

- ئەی باوك و دایکە بەڕێزەکان ئایا ئێوە دەزانن بەم کارەتان بەدژوارکردنی بە شوودانی کچەکانتان خاك و ئاینتان دووچاری مەترسی گەورە دەکەنەوە.. چونکی کورد لەدێر زەمانەوە وتویەتی: زۆری کچی بێ شوو.. کوڕی بێ ژن.. نیشانەی شوومی ئەو خاك وڵاتەیە. ئەوەتا خۆشەویستی خودا فەرموویەتی:



(من جاءکم ترضون دینه و خلقه فزوجوه فإن لم تزوجوه فتکن فتنه وفساد کبیر).

چالاك:

- یەعنی تۆ دەتەوێ هەر کێ هات بۆ داوای کچەکانتان بیدەنێ..؟؟

هیوا:

- نەخێر چۆن شتی وا دەبێت ئەوەی تۆ دەیڵێیت هیچ یاسایەکی ئاسمانی و نەزەوی لەسەری ڕازی نابێت..!!

چالاك:

- بە ڕای تۆ چۆن بیاندەن بە شوو باشە..؟؟

هیوا:

- مەڵێ بە ڕای تۆ بڵێ بە ڕای شەرع چۆن بیدەن بە شوو.؟؟

چالاك:

- باشە بە ڕای شەرع چۆن بیدەن بە شوو..؟؟

هیوا:

- چالاك گیان دیارە بە دیقەتەوە گوێت لە قسەکانم نەبوو.. بەپێی ئەو فەرموودەیەی خۆشەویست فەرموویەتی:

(من جاءکم ترضون دینه و خلقه فزوجوه فان لم تزوجوه فیکن فتنة و فساد کبیر).

بەختیار:

- ئێ کوا کام دایك و باوك بەپێی ئەم فەرمودەیە کچەکانیان دەدەن بە شوو.. یاخود ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنن..؟؟

هیوا:

- خۆزگە باوکان و دایکان بەپێی ئەو فەرمودەیە کاریان دەکرد.. هەر هیچ نەبێت لە پێناوی پاراستنی دوارۆژی کچەکانیان.. چونکی پیاوی خاوەن دین و خاوەن ڕەوشت بەپێی شەرع مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن وەکو شاژن دەیانژێنن وەکو خانمی ناو خانمان ڕێزیان لێ دەگرن. خۆ ئەگەر هاتوو ڕقیشی لێ بووەوە ئەو عەزیەتی نادات گاڵتە و قەشمەریی پێ ناکات.. زیانی لێ نادات بەڕێزەوە هەموو مافەکانی خۆی دەداتێ.. خۆزگە موسڵمان قسە و وتەکانی خۆشەویستیان بە کردەوە جێبەجێ دەکرد، ئەو کاتە کێشە زۆر کەمتر دەبووەوە.

بەختیار:

- بێگومان قسەی بێ کردەوە بێ سوودە.

چالاك:

- قسە هەزارە تەنیا قسەکانی خۆشەویست بەکارە.

هیوا (ئاخێك هەڵدەکێشێ):

- بەیارمەتیتان دەمەوێ هەندێك بچمە دەرەوە...

بەختیار:

- هیوا گیان حەز دەکەیت لە تەکتا دێین..؟؟

هیوا:

- نا حەزم لێیە بەتەنیا بم..!!

نەوزاد:



- بۆ کوێ دەڕۆیی..؟ (خەریکی خۆگۆڕینی خۆیەتی)

هیوا:

- دەچمە سەر پردەکە.. دەمەوێ نەختێ لەگەڵ ئاوەکەی دیجلە قسە بکەم.. دەردی دڵی خۆمی بۆ بڕێژم.

چالاك: (خەریکی خۆگۆڕینی خۆیەتی)

- بەڵام دوا نەکەویت.. چونکی ئوتێلەکە کاتژمێر ١٢ دایدەخات..؟؟

* * *

## بڕگەی دوانزەمین

(ماڵی سالار عیزەدین، دارا و سۆران هاتوونە بۆ ئەوێ پاشی لێ بوونەوە لە چا خواردنەوە)

سالار:

- با چای ترتان بۆ بێنین..؟؟

سۆران:

- بەزیادبێت لەوە زیاتر چامان بۆ ناخورێتەوە..

سالار: (بەرچاییەکە بە زیاد دەکات و خێرا دەگەڕێتەوە لای میوانەکان و بەدەم ڕێگاوە قسە دەکات.. تاکو دەگەڕێتەوە جێی دانیشتنەکەی)

- سەرەڕای ئەو هەموو دەردەسەرییە هەمووی کە بە جارێ خۆی پێ کێشاوم.. سەرەڕای ئەمانە هەمووی هیوای کوڕم زۆر دواکەوت لە سەفەرەکەی زۆر دڵم پێوەیە..!!

دارا:

- بۆ زۆر دواکەوتووە؟

سالار:

- بەڵێ ئەو گوتی: تەنیا هەفتەیەکمان پێ دەچێت.. کەچی ئەوە دوو هەفتەیان بەسەراچوو.. هێشتا نەهاتووەتەوە..

سۆران:



- بۆخۆی بە تەنیا ڕۆیشتبوو..؟؟

سالار:

- نا بە تەنیا نەبوو.. دایکی وتی: سێ هاوڕێی خۆی لەگەڵدا بوو..

سۆران:

- ئەی هاوڕێکانی هاتوونەتەوە..؟؟

سالار:

- نەخێر ئەوانیش هێشتا نەهاتوونەتەوە..!!

سۆران:

- کەواتا هیچ خۆت دڵتەنگ مەکە وا بۆی دەچم سەردانیەکەیان دلگیر بووبێ.. بڕیاریاندابێ درێژە بە گەشتەکەیان بدەن.

سالار:(گڵاسێ ئاو دەخواتەوە)

- ئەرێ بۆ خانووەکە چیتان کرد..؟؟

دارا:

- درێغیمان نەکردووە لەگەڵ سۆرانا.. چووینە لای ناسیاوێکم ناوی حاجی سەعیدە.. وەجاخ کوێرە.. خانوویەکی دوو نهۆمی هەیە.. باسی دەردە سەریەکەی تۆمان بۆ کرد دوور لە قومار.. زۆر سگی پێت سووتا و بڕیاریدا نهۆمی دووهەمی خانووەکەت بداتێ و بێ بەرانبەر.

سالار:

- چۆن بێ بەرانبەر. تێناگەم..؟؟

دارا:

- هەر لە ڕای خوا..؟؟
سالار:
- خوا لێی ڕازی بێت و چاکەی بۆ بکات.. مادام کەسی وەکو حاجی سەعید مابێ.. سەری دونیا بە پوش نەگیراوە.. دونیا هێشتا سەر بەخێرە..!!
سۆران:
- مرۆڤی چاك هەن کەمیش نین، بەڵام شاراوەن تەنگانە دەریان دەکاو ڕۆژگار بە خەڵقیان دەناسێنێ.
سالار:
- زۆر سوپاستان دەکەم هەرگیز لە قسەتان دەرناچم.. ئەم کارە مەزنەتان هەرگیز لە یاد ناکەم..
(دڵی دەگوشرێ جگەرەیەك دادەگیرسێنێ).. دارا، سۆران نازانم دڵم بۆ وا دەگوشرێ بۆ هیوا..(لەم کاتەدا زۆر بەشپرزەییەوە لە دەرگاکەیان دەدەن)
سالار:
- ئێ واهاتین. (بە پەلە دەرگاکە دەکاتەوە، بەختیار، نەوزاد، چالاك).. یاخوا بەخێربێنەوە فەرموو وەرنە ژوورەوە..
(هەرسێکیان دێنە ژوورەوە)
سالار:
- ئەی کوا هیوا بۆ هیواتان لە تەکدا نییە..؟؟
پیرۆز(دێتە ژوورەوە بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات)



- یاخوا بەخێربێنەوە سەفەرتان سەلامەت بێت ئەی ئەوە کوا هیوای کوڕم..؟؟
(کەسیان وەڵامیان بۆ نادرێتەوە خەم سەر و چاویانی داپۆشیوە.. زمانیان وەکو لاڵ بووبن وایە)
دارا:
- چی بووە بۆ دەنگ ناکەن بڵێن کوا هیوا.؟؟
(هێشتا قسەیان بۆ ناکرێت)
سۆران:
- بۆ لاڵ بوونە بۆ قسە ناکەن بڵێن کوا هیوا..؟؟ بۆ لەتەکتان نەهاتووەتەوە..؟؟
سالار:(بە تووڕەییەوە ناقرگەی بەختیار دەگرێت)
- ئەمە یانی چی خۆتان بە ساغی هاتوونەتەوە هیوا کوڕم نا.. هەبێ و نەبێ ئێوە شتێکتان بەسەر هێناوە. وەك پیاو بڵێن چیتان لێ کردووە..؟
نەوزاد: (بەخەم و پەژارەوە)
- دڵنیا بە ئێمە پشت گوێمان نەکرد. جێ نەما بە دوایدا نەگەڕێین نەخۆشخانەکان، ئوتێلەکان، زیندانییەکان، جێی دانیشتنی هاوڕێکانی.. بەڵام بێ سوود بوو. لەتەك ئەوەشدا دڵنیات دەکەمەوە کۆڵ نادەین هەر دەگەڕێین بە دوای هەتا دەیدوزینەوە..
چالاك:

- خوا ئاگاداره ئەگەر پارەمان لێ نەبڕایە نەدەهاتینەوە، هەر بەردەوام لە دوای دەگەڕاین، بەڵام بەداخەوە پارەمان لێ بڕا...!!

سالار: (هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسکی خوێنین بووە)

- درۆ دەکەن ئێوە درۆ دەکەن من ئەمانە نازانم چۆن هیواتان لێرە بە ساغی لە چینگی من دەرکرد. ئاوهایش دەبێ بە ساغی بیهێننەوە (ڕوویان لێ دەکاو زۆر بە تووڕەییەوە).. ئەگینا خراپتان بەسەر دەهێنم ژیانتان لێ تاڵ دەکەم ناهێڵم پشوو بدەن ژیانتان هەمووی دەکەمە خەم و خەفەت..؟؟

سۆران:

- باشە ئێوە هیچ پرسیارێکتان لە لێپرسراوانی ئاوی دیجلە کرد..؟؟

بەختیار (بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە)

- بێگومان پرسیارمان کرد، بەڵام بە داخەوە لە هەواڵێکی دڵتەزێن بەولاوە هیچی ترمان دەست نەکەوت..!!

دارا:

- هەواڵەکە دەڵێ چی..؟؟

بەختیار(بەدەم و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە)

- هەواڵەکە دەڵێ لە مێژووی ڕۆژی ونبونی هیوا دوو منداڵ و لاوێك.. لاوێك. لە ناو ئاوەکەی دیجلە خنکاوە و ئاو بردوونی.

دارا:

- ئەی پاشان..؟؟



بەختیار:(بەگریانەوە)

- لاشەی منداڵەکان دۆزراونەتەوە.. بەڵام بە داخەوە هێشتا لاشەی لاوەکەیان نەدۆزیوەتەوە..!!

پیرۆز: ( بەدرێژایی ئەم گفتوگۆیانە ئەم سۆمای چاوەکانی دەبڕییە هەر گفتوگۆیەك بە ڕامانەوە گوێی لێ دەگرت، تاکو پاشی ئەم گفتوگۆیە زۆرە بە سەرسووڕمانێکەوە و لێپرسینەوەی سەیرەوە بە جۆرە هیستریایەکەوە)

- یانی هیوا، هیوای کوڕم خنکا..؟؟ نا، نا، نا، هیوا نابێ بمرێت، هیوای دواڕۆژی دایکی میللەتەکەی نابێت بمرێت. (دەست دەکاتە گریان و هاوار).

سالار:(بەو پەڕی تووڕەییەوە هەر بە پاڵنان و لێدان هەرسێکیان دەردەکاتە دەرەوە)

- بڕۆن ونبن لەبەر چاوم.. هەتا هیوا نەدۆزنەوە نەیەنەوە بۆ ئێرە (بەشێوەی شەڕکردن).. ئەگەر هیوا نەدۆزنەوە بە ساغی بۆم نەهێننەوە شەرت بێ هەرسێکتان دەکوژم تێگەیشتن.. واللە دەتان کوژم.. (هەرسێکیان دەڕۆن)

پیرۆز:(بەشێوەیەکی زۆر هیستیریانەوە)

- هیوا خنکا.. یانی هیوا من تاقانەکەم ئاوبردی.. یانی کوڕە خۆشەویستەکەم شەپۆلی بێ بەزەیی دیجلە بردی.. یانی هیوا خنکا..؟؟

سالار:

- نەخێر وا مەڵێ.. نا وا مەڵێ هیوا نەمردووە.. هیوا ماوە. ئەمە مەحاڵە هیوا نابێ بخنکێت، چۆن دەبێت هیوا بخنکێت..؟؟

پیرۆز (بە هاوارکردنەوە)

- هیوااا. وەڵامم دەرەوە. هیوااا. هیوااا. هیوااا. (لەسەر دەم بەردەبێتەوە سەر زەویەکە دڵی لە لێدان دەکەوێت و دەمرێت)

سالار: (خۆی دەداتە بان لاشەکەی پیرۆز بە پاڕانەوەە)

- پیرۆز.. پیرۆز.. پیرۆز تکات لێ دەکەم وەڵام دەرەوە..؟؟

دارا: (نزیکی لاشەکە دەبێتەوە تاقی دەکاتەوە بزانێت ماوە، یان مردووە.. دەگەڕێتەوە لای سۆران دەستی سۆران دەگرێت و دەیباتە لایەکەوە بە ئەسپایی پێی دەڵێت)

- سۆران وابزانم پیرۆز خان گیانی بە خودای گەورە بەخشی.. نازانم چۆن سالار تێبگەیەنین..؟؟

سۆران: (ئاخێك هەڵدەكێشێت):

- خۆی دەزانێت.. لێی گەڕێ با تێر بە دیار تەرمەکەوە بگیرێت.. نەختێکی دی خۆی دەزانێت بووەتە لاشەیەك و هیچی تر (بەتەگبیر کردنەوە).. دەڵێی چی بنێرین بەدوا هاوڕێکانی هیوا بێن یاریدەماندەن لە ناشتنی..؟؟

دارا:

- قسەکەت زۆر بەجێیە.. بەڵام ئێستا لە کوێ دەیاندۆزینەوە..؟؟

سۆران:



- گوایە لە کوێن هیچیان دانەمەزراون و تەعین نەبوونە.. لەبەر ئەوەی کوردن.. وەخت هەر لە چایخانەکان بەسەر دەبەن وابۆی دەچم ئێستاکە لە چایخانەکەی مام ئەحمەد دانیشتوونە..!!

دارا:

- باشە وامن دەچمە دوایان..(دارا بەپەلە دەڕوات)

سالار:

- دارا گیان چی بووە..؟؟ سۆران بۆ وا بە پەلە ڕای کرد؟

دارا:

- دڵت هیچ نەکات ئەوە ناردم بە دوای دکتۆرێکی ناسیاوم بێت بەپەلە عیلاجێکی پیرۆز بکات..!!

سالار:(بەگریانەوە)

- وابزانم فریای عیلاج کردنی ناکەوێت.. چونکی پیرۆز تەواو مرد.. خۆزیا بتناردایە بە دوای هاوڕێکانی هیوا بهاتنایە یاریدەمان دەن لە ناشتنی..؟؟

دارا:

- ئەوەی ڕاستی بێت ناردمە دوای ئەوان.. هەرچەندە ترسام پێتیش ناخۆش بێت.. چونکی هەڕەشەی کوشتنت لێیان کرد، لە هەمان کاتدا خەمی ئەوەم هەیە ئەوان نەیەن لە ترسانا..!!

سالار:

- نەخێر دێن.. چونکی هیوایان زۆر خۆش ئەوێ و قەدری برادەری دەزانن و بە ڕاستی برادەری تەنگانەن..؟؟

(سۆران لەگەڵ هاوڕێکانی هیوا نەوزاد و چالاك و بەختیار دێنە ژوورەوە یەکسەر دەچنە لای لاشەکە و دەیبەنە ژوورێکەوە بۆ شۆرینەوە و فەرموش لە پیرێژنە مردوو شۆرەکە دەکەن.. سالار هاوار و گریانی دەگاتە پەڵەی هەورەکان.. بە هاوارەوە دەڵێت:
- پیرۆز.. پیرۆز.. پیرۆز..

* * *



## بڕگەی سیانزەمین

(ماڵی سالار عیزەدین)

(پاشی تەواوبوونی پرسەکەی پیرۆز بە چوار هەفتە خەم و پەژارە لەسەر و سیمای هەموو کەسەکانی ماندوو بووی پرسەکە دیارە.. تەنانەت شت و مەکەکانیش خەم و پەژارەیان پێوە دیارە)

دارا: (ئاخێك هەڵدەکێشێ)

- بە ڕاستی ئافرەتێکی داوێن پاك و خاوەن ڕەوشتی بەرز بوو.. خوا عافوی کات بیکاتە ژێر بەزەیی خۆیەوە..!!

سۆران:

- بە ڕاستی ئافرەتێکی گەلێ چاك بوو یا ڕەبی خودا لێی خۆش بێت..

بەختیار:

- زۆر دایکێکی ڕاستەقینە و دڵسۆز بوو.. ئاواتی هەرە بەرزی پێگەیاندنی هیوا بوو لەسەر ڕێبازی خودا و خۆشەویستی خودا بیکاتە پیاو و فێری ڕەوشتی بەرزی کوردەواری کات تاکو ببێتە مرۆڤێکی سوودبەخش.. بۆ منیش بە کردەوە وەکو دایکێکی دووهەم وابوو.

نەوزاد:

- من چونكى خاوەن باوەژنم لەماڵەوە.. باوەژنمیش هەردەم خەریکی پیلان گێڕان و بووختان کردنە بۆ تێکدانی نێوان من و باوکم.. زۆرجار دەهات بەسەرما بڕیاردەم جارێکی تر نەگەڕێمەوە ماڵ.. بەڵام کاتێ دەهاتمە ئێرە دایکی ڕاستەقینەم پیرۆزخان دڵی دەدامەوە و پەشیمانی دەکردەوە.. بۆیە دەگەڕامەوە لای باوکم داوای لێبوردنم لێ دەکرد..

چالاك:

- من بەتایبەتی زۆر هەستم بە دایکایەتی دەکرد.. چونکی دایکم لەگەڵ لە دایکبوونی من مردووە.. بەڵکو هەندێ جار وا دەهات بەخەیاڵمدا ئەم پیرۆزخانە دایکی ڕاستەقینەی منە.. خوا زیندووی کردووەتەوە وەکو بیەوێ تاقیم کاتەوە؟؟ بۆ ئەوەی هەست و نەست و ڕێزی دایك بزانم.

سالار: (ئاخێکی زۆر خەمبارانە هەڵدەکێشێت)

- تازە چی لە دەستم چوو.. (بەداخەوە قومێك لە جگەرەکەی دەدات).. تازە گریان و هاوار خەم خواردن و داڵخە و خەیاڵ و پەشیمانی دادم نادات تازە پیرۆزم بەیەکجاری لە دەست چوو. هەرگیزاو هەرگیز ناگەڕێتەوە. (ئا لەم کاتەدا عەدنان و پارێزەر و دوو شایەدەکە و کۆمەڵێ قومارچی ڕەزا گران خۆیان دەکەنە ماڵی سالار عیزەدین بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە هێرش دەهێننە سەریان)

عەدنان:



- سالار دەی هەستە هەر ئێستا بە زووترین کات بۆمی چۆڵکە لەبەر خاتری پرسەکەی پیرۆزخان هەتاکو ئێستاکە ئارامم گرتبوو.. ئەوە چوار هەفتەش بەسەر مۆڵەتەکەش تێپەڕ بوو دەی هەر ئێستاکە بۆمی چۆڵکە...

بەختیار:

- بۆ چۆڵی کات؟ بە چ مافێکەوە پێی چۆڵ دەکەیت..؟؟

عەدنان:

- بەماف ئەوەی خانووی منی داگیر کردووە..!!

بەختیار:

- کامە خانووە..؟؟

عەدنان:

- ئەم خانووەی وا ئێستاکە تیایاین.

بەختیار: (بەسەرسووڕمانێکەوە ڕوو لە سالار دەکات)

- کاك سالار تۆ ئەم خانووەت فرۆشتووە..؟؟

سالار(فرمێسك بە چاویا دێتە خوارەوە وەڵامی بۆ نادرێتەوە)

عەدنان:

- نەخێر لێم نەکڕیوە لە قومار لێم بردەوە..

بەختیار(هەردوو چاوی زەق دەبێتەوە ڕوو لە سالار دەکات):

- ئەوەی ئەم کابرایە دەیڵێ ڕاستە..؟؟

سالار(فرمێسك بە چاویا دێتە خوارەوە جگەرەیەك دادەگرسێنێت)

- بەڵێ ڕاستە ئەم خانووەم لە قومارا دۆڕاند. (ڕوو لە هاوڕێکانی و هاوڕێکانی هیوا دەکات) تکاتان لێ دەکەم هەرگیز نەکەن ڕۆژێ لە ڕۆژان دەست دەنە قومار.. چونکی قومار دەردێکی گەلێ گرانە هەرکەسێ تووشی بێت ڕزگاری نابێت لە دەستی.. تا ڕیسواو ڕەزیلی ناو یارانی دەکات.

(لەم کاتەدا ئەم ئایەتە دەخوێنرێتەوە لە قورئانی پیرۆز تەنیا بینەر گوێبیستی دەبن)

بسم الله الرحمن الرحيم

(أتامرون الناس بالبر وتنسون أنفسكم وانتم تتلون الكتاب أفلا تعقلون)(٤٤) سورة البقرة ج ١

عەدنان (لە سالار نزیك دەبێتەوە پەلی دەگرێت و پالی پێوە دەنات):

- سالار قسەکانت پوولێکی قەلْب ناکات.. بڕۆ بۆ خۆت دێوانە ئاسا لە کێو و دۆڵەکان ئەم قسانە بکە..!!

سالار:

- بەڵام خانووەکە هێشتا کەرەستە و کەل و پەلەکانمی تیاماوە..؟؟

عەدنان(بێ تەگبیر کردنەوە)

- گرینگ نییە بەلامەوە هەموویت لێ دەکڕم..

سالار:

- چەنێکی پێ دەدەیت؟

عەدنان(بێ تەگبیرکردنەوە):



- ٢٥٠ هەزاری پێ دەدەم..؟؟

سالار:

- تەنیا یەك حاجەتێکم ٢٥٠ هەزار دەکات..؟؟

عەدنان:

- ئارەزووی خۆتە من لەوەندەی زیاتر پێ نادەم..!!

سالار:

- کەواتا مۆڵەتی دوو سێ ڕۆژێکم دەنێ بۆ گواستنەوەیان..؟؟

عەدنان(بە تەگبیرکردنەوە).. ئەوەی ڕاستی...

پارێزەر: (ناهێڵێت عەدنان قسەکەی تەواوکات)

- عەدنان هەروەها تۆش سالار خۆتان تێك مەدەن چارەسەری ئەم کێشەیە لای منە..!!

عەدنان و سالار بە جووتە چۆن چۆنی..؟؟

پارێزەر: (ڕوو لە سالار دەکات)

- کەرەستەکانت حاجەتەکانت بایی چەند دەبن.. چەنێك دەکەن بە نرخی ئەمڕۆ..؟؟

سالار:

- نزیك سێ چوار ملیۆن دەکات..

پارێزەر: (ڕوو لە عەدنان دەکات)

- ئەو خانووەی لە سالار بردووتەوە بە نرخی ئەمڕۆ چەنێك دەکات..؟؟

عەدنان:

- هەر لەوانەیە سێ چوار ملیۆن بکات. کەچی ئەو دەڵێت دە ملیۆن دەکات.

پارێزەر:(بە تەگبیرکردنەوەیەکی گلاّوانەوە)

- دەڵێن چی بەراوردیان کەن بەرانبەر یەك..؟

سالار و عەدنان دیسانەوە بە جووتە چۆن چۆنی..؟؟

پارێزەر:

- یارییەك بکەن لە پێنج دەست پێك هاتبێ..!!

عەدنان(بەتەگبیرکردنەوەیەکی کەم):

- قەینا یاری دەکەم..

پارێزەر:

- سالار ئەی تۆ دەڵێی چی یاری دەکەیت یان نا..؟؟

سالار(قسەی بۆ نایات و وەڵام ناداتەوە)

پارێزەر: (لە سالار نزیك دەبێتەوە)

- مۆڵەتێکی زێڕینە لە دەست خۆتی مەدە.

سالار: (وەڵام ناداتەوە)

عەدنان: سالار بڵێ یاری دەکەیت یان نا..؟؟

سالار:(بێ دەنگە)

پارێزەر: (دیسانەوە لە سالار نزیك دەبێتەوە)

- مۆڵەتە بۆ وەرگرتنەوەی خانووەکەت. باش تەگبیری لێ کەرەوە..؟؟

دارا: (زۆر بە تورەییەوە ڕوو لە پارێزەر دەکات):



- نە مۆڵەتی زێڕینمان لێتان دەوێت.. نەمۆڵەتی ژەنگاوی.. تەنیا ماوەمان دەن هەتا کەل و پەلەکان دەگوازینەوە.

عەدنان:

- ئامادەی وەکو شێر بێیتە ناو گۆڕەپانی پیاوانە..؟؟

دارا:

- نەخێر گۆڕەپانی پیاوان نییە.. بەڵکو گۆڕەپانی سووك و ماف خۆر و ستەمکاران و قسە زلانە.

پارێزەر:

- ئێوە بۆتان نییە بەناوی سالارەوە وەڵام دەنەوە..؟؟

دارا:

- خۆت وەڵامەکە دەزانیت بێگومان یاری ناکات..؟؟

عەدنان.. (پەلی سالار دەگرێت و هەڵی دەتەکێنێ)

- بۆ خۆت وەڵام نادەیتەوە..؟؟

سالار: (وەڵام ناداتەوە)

بەختیار:

- کابرا تۆ تێناگەی لە قسەی کوردی بە کورتی وتمان یاری ناکات.. نەفرەتی کرد لە قومار بە یەکجاری..!!

پارێزەر: (ڕوو لە سالار دەکات)

- ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووینە ئەگەر یاری دەکەیت بیکە.. ناشیکەی ئارەزووی خۆتە... کەل و پەلەکانیش چارەسەر دەکرێت.

سالار: (وەڵام ناداتەوە)

عەدنان:

- سالار دڵم شەقی برد بۆ وەڵام نادەیتەوە..؟؟

پارێزەر:

- عەدنان نەختێ ئارامت بێت وەڵامت دەداتەوە(نزیك دەبێتەوە لە سالار).. هیچ پەلە مەکە بە ئیسراحەتی خۆت تەگبیرکەرەوە..!!

سالار: ( بەرامانەوە نیگای چاوەکانی ئاراستەی چاوی هەموو ئامادەبووان دەکات نزیك دەبێتەوە لە عەدنان ڕووبەڕووی دەبێتەوە):

- ئەم یارییەش دەکەم..!!

دارا: (بەسەرسوورمانەوە)

- سالار ئەوە بەڕاستە یاری دەکەیت..؟؟

سالار:

- بەڵێ بەڕاستمە..!!

سۆران:

- بۆچی قوڕ بۆ خۆت دەپێوی و ئەم یاریە دەکەیت..؟؟

سالار:

- ئەم یارییە چارەنووسم ئاشکرا دەکات.. بۆیە بە پێویستی دەزانم بیکەم..!!

دارا(بە تووڕەییەوە):

- بۆ خۆت هەڵبژێرە.. یان برادەری ئێمە.. یان قومار..؟؟

سالار(زۆر بە بوغراییەوە)



- هەڵمبژارد..!!

دارا (زۆر بە هێمنیەوە): تۆبەی گورگ مەرگە.. (ئاوڕ لە سۆران دەداتەوە).. سۆران با بڕۆین تازە چارە ناکرێ.. (بە تووڕەییەوە دەڕۆن).

(هاوڕێکانی هیوا پاشی ئەمان بە خەفەتەوە دەردەچنە دەرەوە)

عەدنان..

(ڕوو لە قومارچییەکات دەکات)

- یەڵە دەی کوڕینە مێز و کورسی ڕێك خەن بۆ یارییەکە.

⋆ ⋆ ⋆

# بڕگەی چواردەمین

(چایخانەکە)

(هاوڕێکانی هیوا دانیشتوونە چایان لە بەردەمە و خەمبارن)

بەختیار.. (قومێك لە چایەکە دەدات):

- دیوتانە قومار چۆن مرۆڤ وێران دەکات.. تەنانەت هاوڕێ گیانی بە گیانییەکانی بە قومار گۆڕییەوە..؟؟

نەوزاد:

- بۆم دەرکەوت ترسناکترین دەرد.. دەردە قومارە..!!

چالاك:

- گومانی تیانییە قومارچی لەم دونیا و لەو دونیا ڕوو ڕەشی بۆ دەمێنێتەوە..!!

(هەرسێکیان چاکانیان دەبەنە لای دەمیان لە دوورەوە لاوێك دەبینن بەرەو لای ئەوان دێت هەرسێکیان هەڵدەسنە سەرپێ و بەیەك دەنگ دەڵێن)

- ئەوە هیوایە..؟؟

هیوا.. (هەگبەیەکی بەدەستەوەیە جلوبەرگی مەرەزی کوردی لەبەرە دێتە لایان):

- ئەم کاتەتان باش..؟؟



(کەسیان ناتوانن وەڵام دەنەوە)

بەختیار..(دەست بە سەروچاویا دەهێنێت):

- هیوا بە دڵنیاییەوە خۆتی.. نەخنکاوی..؟؟

هیوا:

- بێگومان خۆمم.. ناوم هیوا سالا عیزەدینە.. دەرچووی پەیمانگای باڵای گەیاندن و پۆستەم ساڵی ١٩٩٤.

(هەرسێکیان لە خۆشیانا بە نۆرە ماچی دەکەن و بەخێرهاتنی دەکەنەوە)

بەختیار:

- بۆمان بگێڕەوە لەم ماوەیە چیت بەسەرهات..؟؟

نەوزاد:

- بە دوور و درێژی بۆمانی بگێڕەوە..؟؟

چالاك:

- هیچت لە یاد نەچێت بە وردی باسی کە..؟؟

هیوا: (چایەك لەو چایانەی سەر مێزەکە دەخواتەوە):

- هەستن بابچینە جێگایەکی تر.. چونکی ئێرە جێگای ئەو باسە نییە..!!

بەختیار:

- فەرموون بڕۆینە باخچەکەی ماڵی ئێمە.

هیوا:

- پەلـەتان چـییە بـا بڕۆمـەوە بـۆ مـاڵ.. ئاوێـك بـە خۆمـا بكـەم و پاشان دێمەوە بۆ لاتان..

بەختیار:

- بەخوا شتی وانییە دەبێ بڕۆینەوە بۆ ماڵ لـە باخـچەكە دانیـشین باسی بەسەرهاتەكەی خۆتمان بۆ بكەیت..

هیوا:

- بەڵێ باش فەرموون.

*   *   *



## بڕگەی پانزەمین

(مێزی قومارچیەكان)

سالار (ویسكیەك دەخواتەوە بە بوغراییەوە):

- ها عەدنان قومار باشی ئەوە من دوو تۆ هیچ.

عەدنان:

- گرینگ ئەوەیە كێ لە كۆتاییدا پێدەكەنێت..!!

پارێزەر:

- گۆڕەپانی یاری عەدنان و سالار ناناسێت.. بەڵكو یاریزانی لێهاتوو دەناسێت..؟؟

(دووبارە دەست دەكەنەوە یاریكردن).

★   ★   ★

# بڕگەی شانزەمین

(باخچەی ماڵ باوك بەختیار)

(هەر چواریان لەبان کورسییەکانی ناو باخچەکە دانیشتوونە)

هیوا:

- کاتێ لە ئاوەکەی دیجلە نزیك بوومەوە ویژدان و خەیاڵم لای ئاوە ئەفسوناوییەکەی دیجلە بەیەکەوە یادی ڕابوردومان دەکردەوە.. کاتێ من لە لووتکەی خەیاڵکردنەوە و یادکردنەوە بووم.. هۆڕینی قەمەرەکەی عەباس شیریتی خەیاڵەکانمی بچڕاند و بەئاگای هێنامەوە ڕازی کردم لە تەکیا سەرکەوم.. عەباس چەند جارێك سوێندی بۆ خواردم گەیاندنی من و شیرین ئاسان کاتەوە.. بەڵکو بەڵێنیدا تەنانەت ئەرکی زەماوەندیش لەسەرخۆی بێت.. بۆیە کاتێك داوای لێکردم ئەو شەوە میوانیان بم لە خۆشیانا، بەبێ تەگبیرکردنەوە ڕازی بووم هیچم لە یاد نەما لە یادم نەما من لە کەرکوکەوە لەگەڵ چەند برادەرێك هاتووم بۆ بەغدا.. ئێستاکە دڵیان لەلام دەبێت.. هیچم لە یاد نەما تەنیا شیرین و خەونەکانی شیرین.. کاتێ گەیشتینە بەردەم کۆشکەکەی ماڵ باوکی عەباس.. هەر..

بەختیار:(قسەکەی لێ دەبڕێت)

- باوکی عەباس کۆشکی لە کوێ بوو..؟؟

هیوا:



- بەپارەی شیربایی کچەکانی دروستی کردووە..!!

چالاك:

- ئێستاکە تێگەیشتم بۆ باوکم دەڵێت کچ لە کوڕیش بەسوودترە..!!

نەوزاد:

- ئەی چۆن لە بازاڕی ڕەش پارەی چاکی بۆ دەکات..

هیوا:

- با بەسەرهاتەکەتان بۆ تەواو کەم (هاوڕێکانی بێ دەنگ دەبن)

- کاتێ گەیشتینە بەردەم کۆشکەکە هەر هاتمە خوارەوە لە قەمەرەکە چوار زەلام هەڵمەتیان بۆ هێنام و یەکسەر دەست و قاچمیان کەلەپچە کرد.. هەتاکو پێرەکەش لەو ژێر زەمینەی ماڵ باوك شیرین زیندان بووم.

نەوزاد:

- بۆ..؟ بۆچی وایان لێکردی..؟؟

چالاك:

- ئەمە تاوانە ڕفاندنە.. دەبوایە شکاتت لێیان بکردایە..!!

بەختیار:

- ئەو هیچ و پووچانە بۆ وایان لێکردی..؟؟

هیوا:

- تکایە خەنجەر بێنە سنگمی پێ لەت لەت کە.. بەڵام تکایە یەك قسەی ناشیرین بە شیرین و کەسوکاری شیرین نەکەی..

(لەم کاتەدا منداڵێك دێت):

- کاکە بەختیار وەرن نانەکەتان بخۆن..

بەختیار: (فەرموویان لێدەکات) .

* * *

## بڕگەی حەڤدەمین

(مێزی قومارچییەکان)

عەدنان:

(ویسکی دەخواتەوە بە پێکەنینەوە):

- ها سالار بزانم زەردەخەنە و پێکەنین بە سەر و چاوتا نەما.. ئێستاکە دەڵێی چی..؟؟

سالار:

- جارێ دوو بەرانبەر دووین.. هێشتا یارییەك ماوە..!!

پارێزەر: (دێتە ناوەندیانەوە)

- ئەمە دوا یارییە وریابن زۆر بە ئاگادارییەوە یاری بکەن.. ئەمە دوا مۆڵەتتانە..؟؟

* * *



## بڕگەی هەژدەمین

(ژووری میوانی ماڵ باوك بەختیار)

هیوا: (نەختێ دۆ دەخواتەوە)

- زۆرم پێ سەیر بوو بۆ زیندانیان کردوم.. بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت هۆی زیندانیم چییە..!!

بەختیار:

- هۆیەکەی چی بوو..؟؟

هیوا:

- هەڕەشەی شیرین بوو.. بە خۆ سوتاندنی ئەگەر بیدەنە شێرکۆی ئامۆزای.. سوێند خواردنی شیرین کەوا شوو بە هیچ کەسێك نەکات لە من زیاتر.. بووە هۆی زیندان کردنم.. بۆیە خۆشەویستییەکەم بۆی بەهێزتر بوو.. بە خۆشەویستی ئەوەوە دەژیام.. هەستم بە ناخۆشی و تاریکستانی ژێرزەمین نەدەکرد.

بەختیار:

- ئەی چۆن ڕزگارت بوو..؟؟

هیوا:

- لەسەر داوای شێرکۆی زاوایان..!!

چالاك:

- واتا ئەو بێ وەفایە شووی بە شێرکۆ کرد..؟؟

هیوا:

- نەخێر شیرین بێ وەفا نییە.. بەڵکو نیشانەی وەفادارییە.. ئەو شووی بە شێرکۆ کرد.. تاکو من لە زیندان ڕزگار کات..

نەوزاد:

- ئەوان مادام شیرینیان هەر دەدایە شێرکۆ.. ئیتر هۆی زیندان کردنی تۆ چی بوو..؟؟

هیوا:

- هۆیەکەی بوونی من بوو لە بەغا.. لەو کاتەدا کە ئەو ڕووداوانە لە ماڵ باوکی شیرین ڕوویدابوو بەرپێکەوت عەباسی برای منی لە باخچەی زەورا بینی.. من هەر لەسەر نییەتی خۆم ناونیشانی ئوتێل و ئەو جێگایانەی لێی دەبم.. تەنانەت پێیم وت لەوانەیە بۆ بێ تاقەتی شەوانە بچمە سەر پردی شەهیدان و ئاوەکەی دیجلە.. ئەویش خۆی تەرخان کرد بۆ چاودێری کردنی من.. دەقە بە دەقە.. چونکی بوونی من لە بەغا و هەڕەشەکردنەکەی شیرینی بەیەکەوە بەستەوە.. بە بۆچوونی ئەو من بۆ ڕفاندنی شیرین هاتووم.

* * *



## بڕگەی نۆزدەمین

(مێزی قومار چییەکان)

سالار: (خەم لە سەر و چاویا دەباری)

- توانای یاری کردنم نەماوە.. دڵم دەگوشرێ بۆ هیوای کوڕم.. هەستی باوکایەتیم بە دەنگێك هاوار دەکات دەڵێت: هیوا نەخنکاوە.. هیوا ماوە یاریم بۆ تەواو ناکرێت..!!

عەدنان:

- بەداخەوە تازە کاتی دەست کێشانەوە نەماوە.. تۆ تازە کەوتیتە قووڵایی بیرەکە.. کەس نییە بتوانێت هەوڵی دەرکردنت بدات.. دەبێ خۆت هەوڵدەیت خۆت لەم بیرە دەرکەیت..

پارێزەر:

- ئەم یارییە یەکسان و بەرانبەر بوونی تیا نییە.. پێویستە یەکێك بیباتەوە و یەکێك بیدۆڕێنێت..؟؟

سالار: (بەخەمەوە)

- قەد بووە مرۆڤ چارەنووسی خۆی بکاتە قومارەوە..؟؟

عەدنان:

- تۆ بە دەستی خۆت چارەنووسی خۆت کردە قومارەوە..!!

* * *

## بڕگەی بیستەمین

(ماڵ باوکی بەختیار هیوا و هاوڕێکانی لەناو باخچەکە پیاسە دەکەن)

هیوا:

- ئێستاکە تێگەیشتن منیان بۆچی زیندانی کرد بوو..؟؟

نەوزاد:

- بەڵێ تێگەیشتین.. بەڵام پێویستە شکاتیان لێ بکەیت..؟؟

هیوا:

- چۆن دڵم دێت شکات لە کەسێك بکەم باوکی شیرینترین شیرین بێت..!!

چالاك:

- پێویستە شکاتیان لێ بکەیت.. تاکو تەعویزت بکەنەوە..؟؟

هیوا: خۆیان بە جوانترین شێوە تەعویزیان کردمەوە..

بەختیار:

- بەچی تەعویزیان کردییەوە..؟؟

هیوا: بەم جلە کوردییە مەرەزییەی بەرم.. کەوا دوورینی دەستی شیرین خۆیەتی.. هەم وەك دیارییەك، هەم وەك یادگارییەك پێشکەشی کردووم مێردەکەشی شێرکۆی ئامۆزای دایە دەستم (هیوا لەناو جەمەدانەکەی ڕەشاشێك دەردەکات).. هەروەها بەم ڕەشاشە ٧٥ خۆرییە تەعویزیان کردم.. ئەمەشیان دیاری



شێرکۆیە.. تاوەکو پیاوەتی خۆی بسەلمێنێت چەکەکەش موڕەخەسە.. ئەرێ کوڕینە بەڕاست ئەوە خۆ من لە پێرێوە تەلەفۆن بۆ ماڵ باوکم دەکەم وەری ناگرێت..!!

چالاك:

- وابزانم فەرمانگەی بگۆڕی کەرکوك خەتەکەتانی بڕیوە..!!

هیوا:

- بۆ بڕیویانە..؟؟

نەوزاد:

- چونکی پارەی بەشداری کردنی تەلەفۆنتان نەدابوو..؟؟

هیوا:

- بۆ باوکم نەیداوە؟

بەختیار:

- چونکی باوکت قەرزارە و پارەکەی بۆ نادرێت..!!

هیوا (بە سەرسووڕمانەوە) باوکم قەرزارە..!! گاڵتە دەگەن یان بە ڕاستتانە..؟؟

نەوزاد:

- بەداخەوە بە ڕاستمانە باوکت زۆر زۆر قەرزارە..!!

هیوا:

- تکاتان لێ دەکەم تێمگەیەنن چی ڕوویداوە..؟؟

* * *

# بڕگەی بیست و یەکەمین

(مێزی قومارچییەکان)

پارێزەر:

- سالار وابزانم پشوویەکی چاکت دا ویسکی و مەزەی چاکت خواردەوە..!!

سالا:

- پشوو..!! من جارێکی تر لەم ژیانە پشووم نییە.. تاکو هیوا دەدۆزمەوە.. کاتێ هیوا تاقە کوڕەکەم دۆزییەوە ئەوکاتە پشوو دەدەم..!!

عەدنان:

- چاکە هێشتا سەرخۆش نەبوویتە یانی توانای یاری کردنت ماوە..؟؟

* * *



# بڕگەی بیست و دووهەمین

(ماڵ باوکی بەختیار هیوا و هاوڕێکانی لەناو باخچەکە لەسەر کورسییەکانی بەردەم مێزەکە دانیشتوونە)

هیوا:

- بۆ ڕاستییەکەم پێ ناڵێن لە تەماشاکردنە پڕ لە خەم و پرسیارەکانتانەوە.. دیارە شتێکی گەورە ڕوویداوە.. ناتانەوێ پێمی بڵێن..؟؟

بەختیار:

- هیوا گیان ئەمڕۆ ناڕۆیتەوە لە ماڵی ئێمە میوانیت..!!

هیوا:

- چۆن دەبێت نەڕۆمەوە مانگێکە نەچوومەتەوە ماڵ.. ئێستاکە دایک و باوکم پەرۆشی بینینی منن و بەوپەڕی چاوەڕوانی چاوەڕوانی منیانە..!!

نەوزاد:

- ئێ چی تێدایە هیوا گیان.. با شەوێکی دیش دواکەویت..؟؟

چالاک: (زۆر بە خەمبارییەوە)

- نا..نا ئەمە ستەمە لە برادەریەکەمان پێویستە ئێمە ڕاستی لەیەك نەشارینەوە.. هەرچەند قورس بێت.. پێویستە بەشداری خۆشی و تەنگانەی یەکدی بکەین..؟؟

هیوا:

- دەم خۆش چالاك.. چاك هەستم کرد لە قسەکانتان شتێکی فرە گەورە ڕوویداوە.. دەتانەوێ لە منی بشارنەوە.. ئەگەر بە هاوڕێی ڕاستەقینەی خۆتانم دەزانن داواکارم ڕاستییەکەم بۆ ئاشکرا کەن.. مەترسن ئامادەم بۆ ڕووبەڕوونەوە.. چونکی من قەد لە ڕووبەڕوو بوونەوە نەترساوم..؟؟

بەختیار: (بە تەگبیرکردنەوەیەکی زۆر قسە بە زۆر لە قوڕگییەوە دەردەچێ)

- هیوا... هیوا...هیوا (پڕ چاوی لە ئەشك دەبێت قسەکەی بۆ تەواو ناکرێت ڕووی وەردەگێڕێت)

هیوا:

- بەختیار گیان بۆ قسە ناکەیت..؟؟ نەوزاد گیان تۆ بیڵێ.. یان تۆ چالاك گیان.. دیارە هەمووتان بە مەسەلەکە دەزانن.. تەنیا من نەبێت..!!

بەختیار: (بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە):

- باوکت ئەوەی هەی بوو هەمووی لە قوماردا دۆڕاندی..!!

هیوا: (زۆر بە سەرسووڕمانەوە)



- باوکم بوو بە قومارچی.. سالار عیزەدین بوو بە قومارچی..؟؟ ..ئەو سالارەی بەلای کەمەوە کاتژمێرێکی تەرخان کردبوو.. تاکو فێری قورئانی پیرۆزم بکات.. ئەو باوکە بەدینەم بووبە قومارچی.؟؟؟ پارە و دەوڵەمەندی ئاوها گۆڕی..؟؟ نا هەرگیز شتی وا نابێت ئەمە مەحاڵە بۆم هەرس ناکرێت باوکم بووبێتە قومارچی..؟؟

بەختیار:

- بەداخەوە زۆر زۆر بەداخەوە.. ئەو باوکە بەدینەت بووە بە قومارچی..

هیوا: (بەخەم و پەژارە و پەرێشانییەوە)

- هەست دەکەم شتی تریش ڕوویداوە..!! توخوا چی تریش ڕوویداوە پێمی بڵێن..؟؟

نەوزاد: (ئاخێك هەڵدەکێشێت)

- ئێستاکەش وا لە ماڵی خۆتان دانیشتووە.. لەگەڵ قومارچییەکان.. قومار دەکات..!!

هیوا:

- ئەی ئێوە ناڵێن هەموو شتێکی دۆڕاند.. ئیتر چی ماوە لەسەری قومار کات.. خۆ گوایە لەسەر دایکمیش قومار ناکات..؟؟

چالاك: (بە قوڕگێکی پڕ لە گریانە)

- دایکت ئەوەی ڕاستی بێت...(قسەکەی بۆ تەواو ناکرێت دەگرێت)

هیوا:

- له ڕێی خوا قسه بکەن دایکم چی بەسەر هاتووە..؟؟ بۆ خاتری خوا پێمی بڵێن لێمی مەشارنەوە..؟؟

چالاك: (بەگریانەوە وشەکان بە تەتەڵە لە زارییەوە دەردەچێتە دەرەوە):

- دایکت..لە..داخ..بزربوونی..تۆ..مرد..دایکت مرد..

هیوا:

- دایکم..دایکم مرد..(دەس دەکاتە گریان.. سەری خۆی سێ چوار جار دەداتە قەد مێزەکە).. دایە..دایە گیان بۆ مردی..؟؟ بۆ بەجێتهێشتم.. بۆ بە تەنیات هێشتم بۆ ئەم گێژاوە..؟؟ توخودا دایە گیان زیندوو بەرەوە.. یان منیش لەتەك خۆتدا بەرە ناو گۆڕەکەوە..نا..نا..دایە گیان..دایە..گیان..دایە گیان توخوا وەڵام دەرەوە(دەبووڕێتەوە)

(هاوڕێکانی لێی نزیك دەبنەوە ئاو دەکەنە سەر و چاوی بە ئاگای دەهێننەوە)

هیوا:

- خۆزگا بە خۆزگا لە زیندانییەکەی ماڵی باوکی شیرین بمردمایە و هەواڵی مردنی دایکم نەبیستایە...؟؟

بەختیار:

- هیوا گیان شەریکی خەمتین.. هیچ باکت نەبێ لە ماڵی ئێمە بمێنەوە.. ئێرەش هەر ماڵی خۆتە ئێمەیش برای تۆین.

هیوا: (نەختی ئاو دەخواتەوە):



- کەسێکی وانیم دەستەو ئەژنۆ دانیشم.. دەستم لەسەر گۆناکانم دانەم.. هیچ هەوڵی چارەسەری گرفتەکە نەدەم.. بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر بە ئامادەییەوە و زۆر بە سوارچاکییەوە ڕووبەڕووی گرفتەکان دەبمەوە.. بەپێی چارەکردنی خۆیان چارەیان دەکەم..

نەوزاد:

- ئەی ئەگەر خەمەکان لە خۆت گەورەتر بوو..؟؟

هیوا:

- بنیادەم گەر خودای مەزن لە بان حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە تەکریمی کردبێ، هەڵبژارد بێت، لەسەر هەموو دروستکراوەکانی تری ئەمانەتی زەویی و ئاسمانەکانی پێ بەخشی بێت، کەواتا دەبێ بنیادەم لە هەموو گیانلەبەرەکان و بێ گیانەکانی سەر ئەم زەوییە گەورەتر بێت، توانای ژیان و چارەی هەموو گرفتێکی هەبێت.

چالاك:

- کەواتا پێمان بڵێ چارەی چیت هەیە بۆ ئەم گرفتە..؟؟

هیوا:

- هەر گرفتێك و چارەی خۆی هەیە (چاوی پڕ لە فرمێسکی ڕەش و خەماوی و خوێنین دەبێت، چەکەکە لە ناو جەمەدانەکەی دەردەکات).. ئەم گرفتەش ئەم چەکە چارەسەری دەکات..!!

بەختیار: (بەسەر سووڕمانەوە)

- مەبەستت چییە..؟؟

هیوا: (بە تووڕەیی و بە وریاییەوە):

- مەبەستم ڕوون و ئاشکرایە.. ئەگەر بێت و ناوی ئەو بێ غیرەتانە ڕەش نەکەمەوە لە ژیان. ئەوە بە هیچ جۆرێك شایەنی لەبەرکردنی ئەم جل و بەرگە مەرەزییە نیم، شایەنی هەلگرتنی ئەم چەکەش نیم..

بەختیار:

- چەك چارەسەرە..؟؟

هیوا:

- گومانی تیا نییە.. شەڕ لە هەموو شتێك پیسترە.. بەڵام کە چارت نەما ئەو کاتە چارەسەرە.. چەندین وڵات و نەتەوە ئازادی خۆیان لە ڕێی خەباتی چەکدارییەوە بەدەستهێنا.. تەنانەت خۆشەویستی خودا. لە پێناوی جێبەجێ کردنی باوەڕەکەی خۆشەویستی خودا لە کاتی پێویست چەکی بەکارهێناوە..؟؟

هیوا:

- مەبەستم ئەوەیە ئەم گرفتە تەنیا بە چەك چارەسەر بکرێت.. بەڵێ چەك چارەیە.. تەنانەت حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفان ئەفەرمێت.

(مالم ینزع بالقران ینزع بالسلطان)

چالاك:

- برام سەر لە خۆت مەشێوێنە.. خۆت سەرگەردان مەکە، کارێك مەکە.. پاشان پەشیمان بیتەوە..؟؟



هیوا: (هەڵدەسێتە پاوە و زۆر بەتووڕەییەوە)

- تەواو بڕیارمدا بڕیارەکەیشم لە جێی خۆیەتی. مەرج بێت بیانکەمە قوربانی ئەم فیشەکانە..!!

هەرسێکیان (بە یەك دەنگ)

- مەبەستت چییە..؟

هیوا: (چەکەکەی لەسەر پێیە و نیشانەی لوولەکەی ڕوو لەوان دەکات بە هەڕەشە کردنەوە)

- دانیشن لە جێی خۆتان ئەگینا ئەم ٧٥ گوللەیە لە ئێوە بە تاڵ دەکەم..؟؟

(هەرسێکیان دادەنیشن.. هیوا زۆر خێرا جێگاکە بەجێ دەهێڵێت و بە چەکەکەیەوە بەرەو ماڵی خۆیان دەڕوات)

بەختیار:

- بۆ خاتری خوا با بەجێی نەهێڵین لەوانەیە زیانێکی گەورە لە خۆی بدات..؟؟

نەوزاد:

- کوڕینە با کارێك بکەین ناکرێت لەم تەنگانەیە جێی بهێڵین..؟؟

چالاك:

- کەواتا چاوەڕێی چیتانە بابڕۆین بە دوایدا..!!

* * *

# برگەی بیست و سێهەمین

(مێزی قومارچییەکانی ماڵ سالار)

پارێزەر(تەماشای وەرەقەکانی یارییەکە دەکات)

- یارییەکە کۆتایی پێ هات.. سالار دۆڕای. عەدنان بردتەوە..؟؟

عەدنان(پەلی سالار دەگرێت و هەتا بیگرێ پاڵی پێوە دەنات):

- فەرموو وەلبە و خوا حافیزت بێ.. بە هیچ جۆرێك مافت بەم خانووەوە نەما ڕازی نابم بە هیچ جۆرێك لەم خانووەیا یان لە بەردەمیا بتبینم..؟؟

سالار(وردە وردە زۆر بەشەرمەزارییەوە بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات، لەتەك هەنگاوەکانی ڕۆیشتنی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ژیانی ڕابردوی وەکو شریتێکی سینەمایی دێتەوە بەرچاوی، ئەم لەم دالغە و خەیالاتانەیە.. قومارچییەکانیش لە قاقای پێکەنینن و گاڵتەپێکردنی سالارن.. ئا لەم کاتەدا هیوا بە پالەقە و زۆر بە تووڕەییەوە هەڕەشەیان لێ دەکات)

هیوا:

- عەدنان ئێستاکە مرۆڤایەتی ڕزگار دەکەم لە تۆ و ئەوانەی وەك تۆن.. خەڵقی شارەکەتان بێزار کردووە.. گوزەرانیانتان کردووە بە



قومار.. بازاڕەکان گۆڕەپانی قومارکردنتانە.. خۆتان خاوەنی گۆڕەپانەکانن.. بە ئارەزووی خۆتان نرخ بۆ خەڵقی دادەنێن، دۆڕاوو براوەش هەر خۆتانن.. پێویستە هەمووتان بمرن.. (کاتێ هیوا نیازی دەست وەشاندنی هەیە باوکی هەستی پێ دەکات یەکسەر چەکەکە لە دەستی دەڕفێنێت، عەدنان و ئەوانی تریش گوللەباران دەکات، ٧٥ گوللەکەیان لێ بەتاڵ دەکات و لەم کاتەدا هاوڕێکانی هیوا دەگەنە ئەوێ.. خەڵقێکی زۆر خۆیان دەکەن بە ماڵی سالارا.

(سالار لەسەر چۆك لە بەردەم هیوا دادەنیشێت)

- هیوا گیان ئۆخەیش بینیتمەوە.. تازە لە سێدارەشم دەن باکم نییە.. مادام دڵنیا بووم نەمردوویتە و ماوی..؟؟

هیوا: (بە قورگێکی پڕ گریانەوە)

- بابە گیان بۆ وات کرد..؟؟ بۆ ماڵمانت کاول کرد، بۆ ڕیسوای دۆست ناو یارانمانت کرد..؟؟ بۆ ماڵەکەمان؟ ماڵ یانی وڵات، بۆ وڵاتەکەمانت کردە قومارەوە..؟؟

سالار:

- ئاواتی گەورەم لە پاشی لێبوردنی خودا، لێبوردنی تۆیە..!!

هیوا: (ڕووی لێ وەردەگێڕێت، بێ دەنگ دەبێت و فرمێسك بە چاویا دێتە خوارەوە)

سالار: (ڕوو لە هاوڕێکانی هیوا دەکات)

- بەختیار...توخودا تۆ نەوزاد.. یان تۆ چالاك توخودا پێی بڵێن باڵیم ببورێت..؟؟
بەختیار: (ڕووی لە هیوا دەكات)
- مادام باوكت دانی بە هەڵەكانی خۆی نا، پێویستە لێی خۆش بیت و بەوپەڕی دڵخۆشییەوە لێی ببوریت..!!
هیوا (بێ دەنگە)
نەوزاد:
- دڵڕەق مەبە خاوەنی ئەم هەڵەیە كەسێكی ئاسایی نییە.. خاوەنی هەڵەكە باوكتە.. باوكتیش داوای لێ بوردنی لێكردی، مادام داوای لێبوردنی لێكردی پێویستە بە دڵێكی فراوانەوە لێی ببوریت..!!
هیوا:(بێ دەنگە)
چالاك:
مافێكی زۆری بەسەرتەوە هەیە، ئەویش مافی باوكایەتییە.. لەبەر خاتری ئەو مافە پێویستە لێی ببوریت..
هیوا (بێ دەنگە)
بەختیار:
- ئەگەر ڕێز لە برادەریەكەمان دەگریت. لە باوكت ببوورە..؟؟
هیوا (بێ دەنگە)
نەوزاد:
- ئەگەر بەردەوام بوونی هاوڕێتی ئێمەت ئەوێ. لە باوكت ببوورە..
هیوا(بێ دەنگە)



چالاك:
- بەڵێ ئەگەر هاوڕێتی ئێمە دەكرێتەوە. دەبێت لە باوكت ببوریت..
هیوا (ڕوو لە باوكی دەكات زمانی تەتەڵە دەكات وەك بڵێی تازە زمان بگرێت وەهایە)
- با...با...بابە...بابە گیان. لێت...لێت...لێت بووررام.
سالار: (باوەشی بۆ دەكاتەوە تێر و پڕ ماچی دەكات)
- سوپاست دەكەم كوڕم هەستی باوكایەتیت داپێم.. كوڕم هیوا كوڕە شیرینەكەم (ڕوو لە هاوڕێكانی دەكات).. ئێوەش ئەو كارەساتەی من وەكو چیرۆكێك بگێڕنەوە بۆ خەڵقی.. با هەموو مرۆڤایەتی ئامۆژگاری لێ وەرگرن..
(لەم كاتەدا فەمەرەكانی پۆلیسی فریاكەوتن دەگەنە جێی ڕووداوەكە.. چەكەكانیان لەسەر پێیە و ئامادەیە.. بە پەلە پەل دێنەی ژوورەوە.. خەڵقەكەش بە شپرزەییەوە ڕێگایان بۆ چۆڵ دەكەن، ئەفسەرەكە تەماشای سەر و سیمای كوژراوەكان دەكەن ئەفسەرەكە ڕوو لە خەڵقەكە دەكات)
ئەفسەر:
- كام پاڵەوان ئەم سەربڕخانەیەی لێرە دامەزراندوە..؟؟
سالار: (بێ ترس چەكەكەیان پێ نیشان دەدات)
- من كوشتیانم بەم چەكەی دەستم بەم ڕەشاشە..!!
ئەفسەر:

- بۆ کوشتیانت..؟؟

سالار:

- جـەنابی ئەفـسەر مـن وەڵامـی پرسـیارەکەت دەدەمـەوە.. بـەڵام دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم..؟؟

ئەفسەر:

- فەرموو پرسیارەکە..؟؟

سالار:

- چۆن وا زوو گەیشتنە ئێرە چۆڕا زانیتان..؟؟

ئەفسەر:

- کەسێك لە گەڕەکەکەتان تەلەفۆنی بۆ کردین و ناوی خۆی نـەدا، پێی وتـین ئێمـەیش ڕاسـتەوخۆ گەیـشتینە ئێـرە.. ئێـستاکە پێمـان بڵێ ئەمانەت بۆ کوشت..؟؟

سالار:

- لەسەر قومار..!!

ئەفسەر: (بە تووڕەییەوە، ڕوو لـە پۆلیـسەکانی دەکات و ئامـاژە بـۆ سالار دەکات)

- بیگرن. ئەو تاوانبارە بگرن و کەلەپچەی بکەن..

(پۆلیسەکان سالار کەلەپچە دەکـەن و فڕێـی دەدەنـە نـاو قەمـەرەی زیندانییەکـەوە، دوو پـۆلیس هەریەکـەی لا قۆڵێکیـان گرتـووە و خەڵقەکە بە چاوی سووکەوە سەیری دەکەن. هیـوا و هاوڕێکانیـشی



بە فرمێسکەوە خواحافیزی لـێ دەکـەن).. سـالار ئاوڕێك لـە هیـوا دەداتەوە هاوار دەکات و ئامۆژگاری دەکات:

- کوڕم نەکـەی هـەرگیزاو هـەرگیز ڕێبـازی خـودا بـەردەیت.. کـوڕم قـەد نەکـەیت ڕێبـازی شـەیتان بگریـت، قـەد نەکـەیت دوای ڕێـی شەیتان کەویت..!!

بسم الله الرحمن الرحيم

الله ولى الذين أمنوا يخرجهم من الظلمات الى النور والذين كفروا
أوليائهم الطاغوت يخرجونهم من النور الى الظلمات. أولئك أصحاب
النار هم فيها خالدون) ئایەتی (٢٧٥) سورة(البقرة) جزء (٣)

(هیـوا و هاوڕێکـانی بـە سـۆمای چـاوەکانیان ماڵئـاوایی لـە سـالار عیـزەدین دەکـەن، سـالار سـەری شـۆڕکردەوە.. هـەموو خـەڵقی بـە چـاوی سـووکەوە تەماشـای دەکـەن.. سـالار دەگاتـە لای دەروازەی دەرگاکە سەری بەرز دەکاتە..

ئەم دوو ئایەتە دەخوێنرێتەوە لە قورئانی پیرۆز:

بسم اللة الرحمن الرحيم

ياأيها الذين أمنوا إنما الخمر والميسر والأنصاب والازلام رجس من
عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم تفلحون (٩٠) إنما يريد الشيطان أن
يوقع بينكم العداوة و البغضاء في الخمر والميسر ويصدكم عن ذكر
الله وعن الصلاة فهل أنتم منتهون(٩١) سورة المائدة ج ٧

تێبینی: ئەم بابەتە لە ١٩٩٨/١١/١٦ نووسراوە لە ساڵی ٢٠٠١ ڕەزامەندی لە چاپدانی وەرگیراوە لە هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە ژمارە(٧٣).

ئەم بابەتە لە ژمارە(٢١) مانگی شوباتی(٢٠٠٥) گۆڤاری گزنك بڵاوكراوەتەوە.

زۆر سوپاس و پێزانین بۆ ئەم بەڕێزانە:

١- مامۆستا محەمەدی مەلا كەریم. كاتی خۆی لە بەغدا بینیم ئامۆژگاری كردم.

٢- مامۆستا محەمەد سەعید زەنگنە.

٣- هاوڕێ و برادەری زۆر خۆشەویستم كاك خەیروڵڵا محەمەد تاهیر جەباری، كە زۆر هانی لە چاپدانی كتێبەكانمی دەدا.

٣- زۆر سوپاس بۆ هەر سێ برایان (ئەنجام بابان – دلێر رەفیق)، بەتایبەتیش برای بەڕێز (ئومێد عەبدولڕەحمان جاف)، بۆ دووبارە تایپكردنی بابەتەكە و دیزانی ئەم كتێبە.

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| ١٢١ | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازییەکانی ڕەشەگۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | ٢٠١١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١٢٦ | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسین رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤڵێت | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | قاوەخانە | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٤ | دارستانێك لە شمشاڵ | شیعر | نامق هەورامی | | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | شینبوونی بەرد | کۆچیرۆك | د. موحسین ئەحمەد | | ٢٠١١ |
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | کتێبی بۆشاییەکان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجیـــد داوودی | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی | | ٢٠١١ |
| ١٥٣ | زیارەتی ماچ | شیعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | ٢٠١١ |
| ١٥٤ | لە گێژەنی پرسیاردا | دیمانە | حەمەفەریق حەسەن | | ٢٠١١ |
| ١٥٥ | بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابیر مەحموود | | ٢٠١١ |
| ١٥٦ | دڵی داگیرساوی دانکۆ | چیرۆکی وەرگێردراو | | و: ئەحمەد عارف | ٢٠١١ |
| ١٥٧ | شورای گۆڕەکان | کورتە چیرۆك | هیدایەت محەمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | کۆچباری گزنگ | ڕۆمانە شیعر | ستار ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | بالوولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێکی هونەرییە | ئازاد گەرمیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | بەسەر شانی سەحەردا وەرە | کۆمەڵە شیعر | عەبدولرەحیم سەرەڕۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٦٢ | مینا ڕەنگینەکان | کورتە چیرۆك | جەلیل محەمەد شەریف | | ٢٠١٢ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٣ | چیرۆکەکان | کۆمەڵە چیرۆك | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٤ | گەڕانەوەی تارماییەکەی ژەنەراڵ | کۆچیرۆك | سەمەد ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٦٥ | کەرکوك لە دیدی چەند سەرچاوەیەکدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | هاشم عاصی کاکەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٦ | گوڵبژێرێك لە وتەی ناوداران | وتەی ناوداران | ئامادەکردنی: ڕەزا شوان | | ٢٠١٢ |
| ١٦٧ | ئەزموونی رۆژنامەگەریم | یادەوەری | زاهیر رۆژبەیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٨ | مەرگی ئیلزە باسکولایت | کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕدراو | و. حسێن عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٩ | هۆنراوەکانی تیلەکۆ | هۆنراوە | عاسی عەلی تیلەکۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٧٠ | بۆ زاخاوی مێشك | مەتەڵ بۆ منالاّن | عوسمان دەروێش شکور | | ٢٠١٢ |
| ١٧١ | نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە | شیعر | گوڵباخ بەهرامی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٢ | تۆبەی فیرعەونی | شانۆنامە | وریا شەهاب | | ٢٠١٢ |